# ناسنامە وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە

(بە نموونەی ڕۆمانی کوردیی تاراوگە)

**یادگار ڕەسوڵ حەمەدەمین** **زانکۆی سۆران- فاکلتی ئاداب- بەشی زمانی کوردی**
Yadgar.ameen@soran.edu.iq

**کەیفی محەمەد عەزیز** **زانکۆی سۆران- فاکلتی ئاداب- بەشی زمانی کوردی**
Kaifimuhammad393@gmail.com

**پوختە:**
ئەم باسە بەشێکە لە پرۆژەی دکتۆرانامەیەک، ئێمەش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی باسێک، کەوا لە تێزەکەوە هەڵنجرابێت ناونیشانێکمان بە ناوی (ناسنامە وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە) بۆ دروستکردوە، تیایدا چەند ڕۆمانێکی کوردیی تاراوگە بە نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە. لەم باسەدا سەبارەت بە نیشادانەوەی ناسنامە بۆ وردەکارییەکانی ژیانی تاراوگەبووانی نێو ڕۆمانی (ونگە)ی عەبدوڵڵا سەراج، (هوتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پیربال، (پەناهەندە)ی ئەحمەدی مەلا، (ئێلشا)ی دیدار مەسیفی، (ژن)ی ڕێواس ئەحمەد، گەڕاوینەتەوە. سەرنجمان خستۆتە سەر ئەو دۆخانەی، کەوا تاراوگەبوو لە ژیانی ڕۆژانەی لەگەڵ خەڵکانی خانەخوێی یاخود هاوشێوەکانی وەک خۆی، ناسنامەی خۆی نیشانداوەتەوە، ئەمەشی وەک بەرگرییەک لەخۆی سەبارەت بە نەتوانەوەیان لە نێو میللەتانی خانەخوێ بەکارهێناوە و ناسنامەیان کردۆتە ئامرازێک بۆ مانەوە و نەفەوتانیان. جا بۆ ئەو مەبەستەش تاراوگەبووان بۆ ناسنامەی کەسی یاخود نەتەوەیی گەڕاونەتەوە، کەوا وەک شانازییەک بۆ بەرز ڕاگرتنی ناسنامەیان لە ژێر زەبری دۆخی تێدا ژیانی تاراوگەیان، ناسنامەیان نیشانداوەتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** توانەوە و تێکەڵاوبوون(Assimilation and Integration)، جیاکاری (Discrimination)، بەیەکەوەبوون(Association)، ناسنامەی کەسی(Self-Identity)، ناسنامەی نەتەوەیی(National-Identity).

## پێشەکی:

ناسنامە(Identity)چەمکێکی فرە ڕەهەندە و یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە، بە شێوازی بیرکردنەوەی کەسی تاراوگەبوو و زەبری نیشاندانەوەی لە بەرانبەر خەڵکی خانەخوێی پەیوەستە، هەر بۆیە ناسنامە لە دونیای ئەمرۆدا، گرنگی و بایەخێکی گەورەی بۆ کێ بوونی کەسێک یاخود نەتەوەیەک هەیە. کاتێک کەسێک لە زێد و نیشتیمانی خۆی ڕووەو سەرزەمینێکی دیکە دەڕوا، یەکەمین وێستگە ڕووبەڕووی پرسیاری ناسنامەی خۆی دەبێتەوە، یان ئەوەتە کەسییە و بۆ وردەکارییەکانی ژیانی تاکەکەس دادەبەزێت، کەوا بە هۆیەوە ناسنامەی بۆ دروست بووە، یاخود لەسەر ئاستی نەتەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، تیایدا نەتەوەی پێدەناسێنرێت. بێگومان تاراوگەبوو بەسیفەتی شوێنگۆڕکێی و لە کردەی ژیانی ڕۆژانەی لە تاراوگە، دیاردەی تێکەوڵابوون و بەیەکەوەبوونی هاوڕێیانەی لەگەڵ خەڵکانی خانەخوێی، چەندین ڕووداوی وەک جیاکاری و توانەوە لە نێو خەڵکی خانەخوێی بۆ دروست دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش ناسنامەی جا چ کەسی یاخود نەتەوەیی بێت، وەک ئەرکێک لە بەرانبەر وەفاداری نیشتیمان و نەتەوەکەی بۆ بەرانبەرە خانەخوێیەکەی نیشان دەداتەوە. لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا جەخت لەسەر چەمکی ناسنامە کراوەتەوە، هەروەها ئەو هۆکارانەی بۆ نیشاندانەوەی ناسنامە یارمەتیدەرن باسکراوە، پاشان ناسنامەی کەسی و ناسنامەی نەتەوەیی و شێوازی مەزراندنیان بەرچاو خراوە. لە بەشی دووەم، لە ژێر چەند سەرە بابەتێکدا نموونەی ڕۆمانە هەڵبژێردراوەکان پراکتیک کراوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە، پەیڕەوی میتۆدی (وەسفی- شیکاری)، کردووە.

## بەشی یەکەم

### ناسنامە

بە پێویستی دەزانین، سەبارەت بە ناسنامە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کەوا مەبەستمان (IDCard) یاخود بەڵگەنامەی یاسایی وەک بوویەکی فیزیکی نییە، بەڵکو ئەو دۆخەیە کەوا تاراوگەبوو لە ماوەی ژیانی لە شوێن و سەرزەمینی جیاوازدا، پەنا بۆ ناسنامەی ئەنتۆلۆژیانەی کەسی یاخود نەتەوەیی، دینی، زمانی، کەلتووری و ڕەگەزی، دەبات، بە شێوەیەک لە چاو ناسنامەی خەڵک و خاک و کەلتووری وڵاتی خانەخوێ، پەسن وەسفێکی بەرزی بەبەردا دەبڕێت، لە نێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگەش ئەم مۆدێل و شێوازی بە بەرز نیشاندانی ناسنامە بە ڕوونی دەبینرێت.

چەمکی ناسنامە(Identity)، لەهەر سەرزەمینێکی دونیای ئەمڕۆدا، گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی لەسەر دەکرێت، نە تەنیا لەنێو باسە ئەکادیمیەکاندا، بەڵکو لەنێو باسەکانی ڕۆژانە و پرسە ئاساییەکانیشدا لێوەی دەدوێن، تەنانەت ڕۆڵی لە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیشدا هەیە، بۆیە واژەی ناسنامە(Identity) لە دونیای ئەمڕۆ وەک چەمکێکی ناسراوی لێهاتووە. بە شێوەیەک ئایین، نەتەوە، کەلتوور، زمان، گروپ و چینی کۆمەڵایەتی، تەوەرەی سەرەکیی باسی ناسنامەن، لێرەوە ناسنامە فرە ڕەهەندی بۆ دروست دەبێت. لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگەشەوە، دەشێ نیشاندانەوەی ئەو فرە ڕەهەندییەی ناسنامە بۆ چۆنیەتی سەرنجدان و تێڕامانی تاراوگەبوو بگەڕێتەوە، کاتێک لەسەرزەمینی تاراوگە بەر زەبری ناسنامەی بەرامبەرەکەی دەکەوێت، لەوێوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وەک تاکێکی تاراوگەبوو لە هەوڵی چەسپاندن و شوێنپێی قایمکردنی ناسنامەیەتی، جا دەشێ وەک نمایندەی کەلتوور، نەتەوە، ئایین، لە نیشاندانەوەی ناسنامەکەیدا ڕۆڵی هەبێت. ڕۆبی ماگۆسڤۆنگوی Ruby* (Magosvongwe)، سەبارەت بە ناسنامە پێی وایە، ((چەمکێکی فرە ڕەهەندە، ئامرازێکە بۆ ناساندنی کێ بوونی کەسێک، وەک تایبەتمەندیەک لە بەرانبەر جیاکردنەوەی لە خەڵکانی دیکە بەکاردێت، مانای خۆی لە دیرۆکی نیشتیمان، نەتەوە، کەلتوور، کەسیەتی، دیاری دەکات و دەرخەری هەست و باوەڕیەتی))(Magosvongwe, 2010, p43). لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینە و بە سەرنجدانمان لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگە، شێوازی نیشاندان و زەقکردنەوەی ناسنامە، بە مەبەستی خۆناسین و جیاکردنەوەی لە خەڵکانی وڵاتی خانەخوێ لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە یاخود لە ڕۆمانێک بۆ ڕۆمانێکی دیکە، بە جیاواز* تێی ڕوانراوە، بۆ نموونە ڕێواس ئەحمەد لە ڕۆمانی (ژن)، ناسنامەی مێینەی وەک تاکێکی کوردی تاراوگە نیشانداوە، بۆ ئەو دیدو تێڕوانینانە گەڕاوەتەوە، کەوا مێینەی کوردی وەک ناسنامە پێی دەناسرێتەوە، بەمەش ناسنامەی کەسی وەک خۆ جیاکردنەوەیەک لە مێینەکانی وڵاتی خانەخوێ بەکارهێناوە، تیایدا ئەدگارێکی لەنێوان شەرم و شکۆ دروستکردووە، بەم هۆیەشەوە ڕۆمانەکەی گوتارێکی لەمەڕ ناسنامە پەخشکردووە، کەوا تیایدا ناسنامەی کەسی بە سەروەر کراوە. ئیملی برادی(Emily Brady) هەر لەبارەی ڕادەی کاریگەرییەتی نیشاندانەوەی ناسنامە و چۆنیەتی زەقکردنەوەی لە نێو نووسین و بەریککەوتنەکانی ڕۆژانەدا، پێی وایە مەسەلەی ناسنامە، لەسەر مەودای چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان نووسەر بە نیشتیمانیەوە دەوەستێت، پاشان ڕۆڵی نووسەرەکە لە ژینگەی نوێیدا (Brady, 2004, p5). لەم تێڕوانینەوە سەبارەت بە نیشاندانەوەی ناسنامەی، تاراوگەبوو لە ژینگەی نوێیدا لە ئەزموونی شوێن لەقبوونی خۆیەوە واقیعێک دروست دەکات، تیایدا ڕادە و چۆنیەتی پەیوەندیی بە نیشتیمانییەوە دەردەخات، پاشان ئەم پەیوەندییە وەردەگێڕێتە سەر دونیابینییەک، کەوا تیایدا بەرز نیشاندانی ناسنامەی لێوە دەبینرێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوەیە تاراوگەبوو لەسەرزەمینی تاراوگە، بەریەککەوتنی بە دونیای تێدا ژیاوی خۆیەوە دەبێت، تا زەبری بەریەککەوتنەکەی بەهێزتر بێت، هێندەی دیکە هێزی نیشاندانی ناسنامەی بە هێزتر دەبێت، ئەمەش ڕاستییەکە لە دۆخی تاراوگەبوونی کەیوانی کارەکتەری ڕۆمانی (ونگە)ی عەبدوڵڵا سەراج دەبینرێت.

ئێم. کەی. گاوتەم(M.K.Gautam)، سەبارەت بە پرسی نیشاندانەوەی ناسنامە، چەند دۆخێکی دەستنیشان کردووە، تیایدا تاراوگەبوو، لە ڕێگەی ئەم دۆخانەوە، نیشاندانەوەی ناسنامەکەی لێ دەبێتە ئەرک، پاشان گاوتەم بۆ هەر یەکێک لەم دۆخانەش چەمکێکی بۆ داناوە، پێی وایە لە ڕێگەی ئەم چەمکانە و لەسەر بنەمای دونیای بەریەککەوتنی کەسی تاراوگەبوو، تیایدا تاراوگەبوو ناسنامەی ڕەسەنی خۆی نیشان دەدات.

---

*نووسەرێکی خەڵکی زیمبابۆیە، چەندین نووسینی بەپێزی لەسەر کاریگەری ناسنامە هەیە، یەکێک لەو لێکۆڵینەوانەی بە ناوی (خاک و ناسنامە لە چیرۆکی زیمبابۆی)یە.

*لە ناو نوسەران شێوازی گۆران و جیاوازی، لەمەڕ پرسی ناسنامە، بۆ جیاوازیی بیروڕای سیاسی و ئەدەبی...هتد، دەگەڕێتەوە، هەندێک لە نووسەران پێیان وایە ناسنامەی دینی و زەقکردنەوەی لەنێو نووسیندا بە پێویست دەزانرێ، هەندێکی تریان ناسنامەی زمانی، نەتەوەیی، کەلتووری...هتد، بە گرنگ دەزانن. ئەم جیاوازیی کردنە لەمەڕ باسکردنی پرسی ناسنامە لەنێو تێکستەکانی ڕۆمانی کوردیی تاراوگە هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە لەلای فەرهاد پیربال لە ڕۆمانی (هۆتێل ئەورووپا) ناسنامەی نەتەوەییە، لای ئەحمەدی مەلا لە (خەونەکانی بلووژستان)، زمانی_کەلتوورییە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## یەکەم/ توانەوە و تێکەڵاوبوون Assimilation and Integration

ئەم دوو چەمکە لە پرۆسەی بەریەککەوتنی کەسی تاراوگەبوو لەگەڵ واقیعی تێدا ژیاوی، خۆ دەنوێنن. ئێم. کەی. گاوتەم، پێی وایە کاتێک تاراوگەبوو لەسەرزەمینێکی دیکە جێگیر دەبێت، بە وریاییەوە دەکەوێتە مامەڵەکردنی کەلتووری وڵاتی خانەخوێ، لە پەیوەندیەکانیدا هەوڵدەدات خۆگونجاندنێک دروست بکات. لەنێو ئەم پرۆسەی خۆگونجاندنە، دۆخێکی کۆمەڵایەتی تازە وەک پێویستیەک بۆ بەردەوامیدانی ژیانی تاراوگەبوو دێتە پێشەوە. لەم دۆخەدا دوو هەڵبژاردەی لەبەردەمدا دەبێت. یەکەم: توانەوەیە(Assimilation) لەنێو ناسنامەی وڵاتی خانەخوێی وەک یەکێک لەو هەڵبژاردەیەی دەستنیشان کردووە. گاوتەم، توانەوەی بە لەدەستدان و ون کردنی ڕەمز و پیرۆزییەکانی تاراوگەبوو دەزانێت، پێی وایە ئەم پرۆسەیە(توانەوە)، ئەنجامەکەی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی تایبەتمەندییە خودییەکانی تاراوگەبووە، کەوا بە هۆیەوە ناسنامەی ڕەسەنی دەکەوێتە مەترسی، بە شێوەیەک ژینگەی تازە لەسەر تاراوگەبوو بە تەواوی کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت(Gautam, 2013, p2-3). هەروەها سەبارەت بە لەدەستدانی ناسنامەی تاراوگەبوو لە ژێر هەژموونی ناسنامەی وڵاتی خانەخوێ، بەیری(Berry)، لە ئینسکلۆپیدیای دەروونناسیدا، پێی وایە توانەوە(Assimilation) بەیەکێک لەشێواز و مۆدێلەکانی زاڵ بوونی ناسنامە و کەلتووری وڵاتی خانەخوێ دادەنرێت، لە ئەنجامی لەدەستدانی ناسنامەی ڕەسەنیەوە بەرجەستە دەبێت، بەهۆیەوە تەواوی ڕەسەنایەتی دەگۆڕێت، لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانیشیەوە کاریگەریی دەبێت، تەنانەت باوەڕیشی گۆڕانی بەسەر دادێت(Salkind, 2008, p8). دووەم: تێکەڵاوبوون(Integration)، لە دیدی ئێم. کەی. گاوتەم (M.K.Gautam)، پرۆسەیەکە کاتێک تاراوگەبوو بەریەککەوتنی لەگەڵ بەرانبەرە جیاوازەکەی دەبێت، لە چوارچێوەی زمان، بەهاکانی ئایین، کەلتوور و نەتەوە، ڕەوایەتی بە ناسنامەی ڕەسەنی دەدات، ئەم ڕەوایەتیدانە هەوڵێکە ڕێگەی ئەوەی پێ دەدات وەک تاکێکی جیاواز لەسەر ناسنامەی ڕەسەنی خۆی بمێنێتەوە و شانازی بە ناسنامەکەی وڵاتی باوانیەوە بکات. هەروەها گاوتەم پێی وایە پرۆسەی تێکەڵاوبوون بۆ تاراوگەبوو، لە بەکارهێنانی زمانی ڕەسمی، یاساکانی وڵاتی خانەخوێ، سیستەمی خوێندن و بۆنەکانەوە بەرجەستە دەبێت، بۆیە لەم دۆخەدا تاراوگەبوو تەنها ڕوخساری نۆرم و بەهاکانی وڵاتی خانەخوێ، بەهەمان شێوازی ڕەفتاری خەڵکانی وڵاتی خانەخوێ کار پێدەکات. لە کاتێکدا توانای پارێزگاریی کردن و مانەوەی کەلتووری نەتەوەیی، سیستەمی کۆمەڵایەتی، زمان و باوەڕ و بەهاکانی ئایینی خۆی هەیە، بەم هۆیەشەوە تێکەڵاوبوون بۆ مانەوەی کەسەکە یارمەتیدەرە، هەست بەوە دەکات لەسەر هەمان ژیانی وڵاتی باوانی ماوەتەوە(Gautam, 2013, p2-3). بە دیوێکی دیکەدا سەبارەت بە دۆخی تێکەولاوبوون و نیشاندانەوەی ناسنامە لە لایەن کەسی تاراوگەبوو، لەسەر ئەو ڕووداوانە دەوەستێت، کەوا پرینگانەوە و هەڵوەستەکردنێک بۆ تاکی تاراوگەبوو دروست دەکات، هەروەک ستیڤن تۆتۆسی(Steven Totosy)، پێی وایە تێکەڵاوبوون(Integration)، بۆ بەشێکی تاراوگەبووان کۆپی کردنەوەی ڕەوشت و نەریتی تاکی وڵاتی خانەخوێیە، ئەم شێوازی کۆپی کردنەوەیە، لە ئاوەزی زۆربەی خەڵکانی وڵاتانی خانەخوێ دڕدۆنگی دروست


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دەكات، بە جۆرێک هەوەسیان بە تاراوگەبوو نایەت و بە مەترسی دەزانن، پێیان وایە دوژمنن* لە ناویاندا دەژین، پێویستە بە وریاییەوە کۆنترۆڵ بکرێن(Totosy, 2010, p115). لەم بارەیەوە گاوتەم (M.K.Gautam) بۆ پرسی تێکەڵاوبوونی تاراوگەبوو، نموونەی هیندیەکانی هێناوەتەوە، سەبارەت بە تێکەڵاوبوون و شێوازی ژیانیان لەسەرزەمینی تاراوگە بەسەر دوو ئاڕاستە دابەش بوون. ئاڕاستەی یەکەم: پەیوەندی گرتنە لەگەڵ هاوشێوە هیندیەکانی وەک خۆیان، کەوا بازنەی ئەم پەیوەندیە تەنها لە ناوەوەی خۆیاندایە، وەک هامووشۆکردنی دێر و نەریتی خواردن، بەکارهێنانی زمانی دایک لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان، مامەڵکردنی نەریتییانەی بۆنە و ئاهەنگە ئایینییەکانیان، نەریت و سیمبوڵە دیارەکانی خۆیان، وەک خۆی پاراستووە و هێشتۆتەوە. ئاڕاستەی دووەم: لەم ئاڕاستەیەشدا سەبارەت بە تێکەڵاوبوون پەیوەندیی گرتنە بەخەڵکانی دەرەوەی ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان، بەئاگاییەوە بەشداری یاسا گشتیەکانی وڵاتی خانەخوێ دەکەن، شێوازی ژیانیان، زمانیان، ڕەوشت و نەریتە گشتیەکانیان، دووبارە بەکاردێننەوە، لەنێو ئەم پەیوەندیانەیاندا بەدووبارە نیشاندانەوەی ناسنامەیان خزمەتێکی گەورەی ناسنامەی خۆیان دەکەن، مانایەک بۆ ژیان و بەردەوامیدانیان لەو پەیوەندیانەوە دروست دەکەن(Gautam, 2013, p2-3).

## دووەم/ جیاکاری (Discrimination)

تاراوگەبوو لە شێوازی مامەڵەکردنی دەست بەڕوونان و هەڵاوێرکردن، هەستی پێدەکات، لەم بارەیەوە جیکس گیرویل(Jakes Gerwel)، ڕای وایە بەهۆی ئەم جیاکاریەوە تاراوگەبوو لە ئاوەزیدا وێنەیەکی ناپەسندی لە بەرامبەر خەڵکانی وڵاتی خانەخوێ بۆ دروست دەبێت، ئەمە سەرەڕای گەشەکردن و بەهێزبوونی ترسێک، کەوا هەردەم ڕکابەری و ململانێ لەنێوان خۆی و لەخۆ نەچووەکاندا دروست دەکات، زۆربەی جاریش ئەم ڕکابەری و ململانێیە بە جیاوازیی ناسنامەوە پەیوەست دەکرێت(Gerwel, 2007, p241). لەم تێڕوانینەوە دەتوانین بڵێین کاتێک تاراوگەبوو هەندێک لە دیاردە بینراوەکانی ڕەفتار و شێوازی ژیانی، لەلایەن تاکەکانی وڵاتی خانەخوێ قێزی لێ دەکەنەوە و ڕەت دەکرێتەوە، ئەمە لەخۆیدا جۆرێک لە جیاکاری دروست دەکات، لەم نێوەندەدا لە دووبارە بەرهەم هێنانەوە و نیشاندانی ناسنامەیان لە پرۆسێسی کۆمەڵایەتی، ململانێ و کێبەرکێ ئەنجام دەدەن. دیوێکی دیکەی جیاکاریی، بەڕای گاوتەم ئەوەیە کەوا کاتێک لەلایەن تاک یاخود کۆمەڵگە و سیستەمی کارگێڕی وڵاتی خانەخوێ، تاراوگەبوو ڕووبەڕووی قەیران و تەنگەژەی دارایی دەکرێتەوە، کەوا بەهۆیەوە ئاریشەی ژیانی بۆ زەق دەبێتەوە، ئەوا بە جۆرێک لە بێ ڕێزی و جیاکاری لە ئاوەزی تاراوگەبوو لێکدەدرێتەوە، لە بەردەوامبوونی ئەو دۆخەی ژیانیدا، بەرەو دروستبوونی گروپی هاوشێوەی زمان و ڕەگەزی خۆی دەبات. لەم بارەیەوە گاوتەم(Gautam) نموونەی هێناوەتەوە، وای بۆ چووە، زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، بەشێوەیەک یاساکانیان داڕشتووە، وەک بەهایەکی یاسایی کەمترین جیاکاری تێدا بەدی دەکرێت، لەنێو بابەتی یاساکان، بەشێوەیەکی دژە جیاکاری دەسەڵاتی یاساکان دانراوە، بەڵام ئەم وێنەیە لە واقیعدا پێچەوانەیە، لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا جیاوازییەکی گەورە هەیە، کاتێک تاراوگەبوو

* ئەم تێڕوانینە دوای ڕووداوەکەی 11ی سیپتەمبەری2001، لە ئاوەزی خەڵکانی خانەخوێی وڵاتانی تاراوگە، بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، بەتایبەت لەبەرامبەر ئەو گروپ و ڕێخراوانەی مەیلی دینداری (ئیسلام)یان هەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

پەنا بۆ وڵاتەکانیان دەبەن، لە میدیا و شوێنە گشتیەکان بەڕوونی هەست بەو جیاکارییە دەکرێت، یەکڕاست پێت دەڵێن ئەورووپی نیت و لە ڕەگەزی ئێمە ناچیت و وەکو ئێمە نیت(Gautam, 2013, p3-4).

کومار دەیڤید(Kumar David)، سەبارەت بە جیاکاری لە نێوان خەڵکی خانەخوێ و تاراوگەبووان، پێی وایە، کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی ئەمڕۆ، خەڵکانی ناسنامە جۆراوجۆری بەرهەم هێناوە، لەم نێوەشدا دۆخێکی پۆزەتیڤە بەدوای ناسنامەی خۆتدا بگەڕێیت، بەڵام دەسەڵات بەوریاییەوە لەگەڵ دۆخی جیاوازیی ناسنامە مامەڵە دەکات، لە هەوڵی زاڵ کردن و مانەوەی ناسنامەی خەڵکی وڵاتەکەیەتی بەسەر بێگانەکاندا، بەم هۆیەوە لەم بارەوە شۆفێنزمێکی کوێرانە پەیڕەو دەکات(David,1989, piv). بۆ ئەو مەبەستەش گاوتەم چەندین نموونەی لە وڵاتە جیاوازەکان هێناوەتەوە، کەوا کاتێک منداڵێک لە بەریتانیا لەدایک و باوکێکی ئاسیایی(نا ئەورووپی) لە دایک دەبێت، لە بەڵگەنامە فەرمیەکانیدا، ئاماژە بە کۆچەری دایک و باوکی دەکرێت. لە ئەڵمانیا دژی تێکەڵاوبوونی شێوە ستوونیانەی تاراوگەبووانن، بەو مانایەی لەگەڵیان کەمترین پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەبەستن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دان نەنان بە مافی ئەو کەمینەیەی لەسەرزەمینی ڕەسەنی خۆی تاراوگەبووە و لەسەرزەمینی دیکە نیشتەجێبووە. هەروەها گاوتەم پێی وایە ئەمە نەوەکو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەڵکو لەسەر ئاستی ئابووریش هەمان ڕەنگدانەوەی هەیە، خەڵکی خانەخوێ هەموو مافێک بەهی خۆی دەزانێت، لەوەش زیاتر هەندێکجار دەسەڵات مافی مانەوە و نیشتەجێبوون، بە خەڵکانی تاراوگەبوو نادات. لەسەر دیوارەکانی بەرلین چەندین دروشمی ڕەنگا و ڕەنگ دەبینرێ، نووسراوە بێگانە بۆ دەرەوە. لە وڵاتە ئەورووپیەکاندا بە فۆرم و شێوەی جیاواز لە هەوڵی دروستکردنی جیاکارین، زۆرن ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەی لەسەر بنەمایی نەتەوەیی، بۆ دەنگ هێنان و بردنەوەی هەڵبژاردن، دەکەونە پێشبڕکێ، دروشمی زەقیان دەرکردنی بێگانەیە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا پارتی(ultra-nationals)، بە ڕاشکاوی دژی هاتنی بێگانە و خەڵکی بیانین، کەوا لەسەرزەمینی وڵاتەکەیان نیشتەجێ دەبن. هەروەها لە فەرەنسا حیزبەکەی( Jean Marie Le Pen) سەرکردایەتی بەرەی(National Front)ی کردووە، لە ماوەی سەرۆکایەتیدا بەڕوونی وتوویەتی، ئێمە نامانەوێت ڕێگە بدەین وڵاتەکەمان نقومی بێگانە بێت. یاخود لە هەندێک شوێن و گەڕەکی نیشتەجێبوون، ماڵ و خانوو بەکرێ نادەنە کەسێکی تاراوگەبوو(Gautam, 2013, p3-4). ئەمانە هۆکاری دروستبوونی بیرکردنەوە و ڕەوشتێکن بۆ خۆ بەدوورگرتن و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ کەسی تاراوگەبوو، لێرەوە تاراوگەبووش دەکەوێتە پرسیارکردنی ناسنامەی خۆی و لە هەوڵی پاراستن و بە زیندوو ڕاگرتنیەتی.

## سێیەم/ بەیەکەوەبوون Association

لەبارەی بەیەکەوەبوون یاخود پەیوەندیگرتن، بەکەسانی دەرەوەی ناسنامەی خۆت، کاس وود وۆرد( Kath Woodward)، پێی وایە، ئەو شێوازەی کەسی تاراوگەبوو بۆ بەیەکەوەبوون و پەیوەندیکردن بە خەڵکانی خانەخوێ لەسەرزەمینی تاراوگە دەیگرێتەبەر، بەمەبەستی مانەوە و بەردەوامیدانی ژیانیەتی، لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی ئەم بەیەکەوەبوونە ئەمیش توانای گۆڕانی هەیە(Woodward, 2003, p107). سەبارەت بە دۆخی بەیەکەوەبوون لە دیدی گاوتەم (Gautam)، نەریتێکە تاراوگەبوو هاوبەشی بیرکردنەوەی خەڵکانی سەرزەمینی تاراوگەی پێدەکات. هەروەها گاوتەم پێی وایە یەکێک لەو جیاوازییە گەورانەی خەڵکانی وڵاتی خانەخوێ لە بەرانبەر تاراوگەبوو بەکاری دەهێنن، زاراوەی (ئێمە) و (ئەوان)ە. بڕیاری دروستکردنی کۆمەڵە و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕێخــراوی ڕەگەزی و نەتەوەیــی لەو دەرەنجــامەیەوە، بەهــۆیەوە دابەشــبوونی کەســەکان بەســەر گــروپە ئیتنیکیەکان و کۆبوونەوەیان بەدەوری یەکتر، بۆ پاراستنی ناسنامەیان بەئەرکێکی لەپێشینە و گرنگی ژیانی تاراوگەیان دەزانن (Gautam, 2013, p4). تێرمی(ئێمە)، لە کۆمەڵگەی خانەخوێ، باری سەرنج و ئەندێشە، ڕەوشت، فەرهەنگ، لە زاراوەی (ئەوان) جیاوازترە، تێرمی (ئەوان) کەسانی نەناسراون، بۆیە لەم دۆخەدا مەسەلەی ڕەگەز دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ سەرنجدانی یەکتری. وود ۆرد(Woodward)، پێی وایە ئەگەر لە مەســەلەی بەیەکەوەبــوون و پێکەوەهەڵکــردن، ڕەگەز بکــرێتە بنەمــا، ئەوا جــگە لە دابەشــکاری بــایۆلۆجی(بۆ نموونە لەنێوان ڕەش پێست و سپی پێست)، ڕەگەزپەرستیشی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەرچی ڕەهەندی سیاسیش لەم نێوەندەدا بێ کاریگەر نییە، چونکە بە پەسەندتر زانین و زاڵ بوونی ڕەگەزێک لە ڕەگەزێکی دیکە، لە پشتیەوە سیاسەتێک هەیە ئاراستەی دەکات(Woodward, 2003, p117). لە دۆخی بەیەکەوەبوون گاوتەم Gautam نموونەی هیندیەکانی هێناوەتەوە، کەوا لەگەڵ یەکتری بۆ ئەم جۆرە بەیەکەوەبوونە، هەمان زمانی یەکتر، هەمان بیرکردنەوە و ئاوەزی یەکتر بەکاردێنن، یارمەتیدانی یەکتریش بەبابەت و پێویستیەکی ئەخلاقی دەزانن. بەگشتی تاراوگەبوو زۆربەی جار تەنها نین، بەڵکو بازنەیەکی پتەوی هاوڕێیەتی لەگەڵ هاوزمان و هاوخوێن و هاوڕەگەزی خۆی دروست کردووە، لەپێشوو یاخود لە کاتە بەتاڵەکاندا، هاموشۆ و سەردانی یەکتری دەکەن، گفتوگۆ لەبارەی کێشە و ئاریشەکانیان دەکەن، بەیەکەوە هەوڵدەدەن ناسنامەیان بپارێزن، ئەم شێوازی مامەڵەکردنە بەیەکەوە لەسەرزەمینی تاراوگە، دەستکەوتنی ئەو هەناسەیەیە ژیان لە مردن رزگار دەکات(Gautam, 2013, p4). لێرەوە دەتوانین بڵێین کاتێک تاراوگەبوو لە پەیوەندیی کردنی بە خەڵکانی خانەخوێ، پەیوەندییەکەی بەبێ بایەخ دەزانرێت، لە هەوڵی دۆزینەوەی کەسە وەک خۆیەکانی خۆیەتی، بە هۆیەوە لەسەرزەمینی تاراوگە بۆ نیشاندانی جیاوازییە فەرهەنگییەکان و ڕەمزە دیارەکانی ڕۆدەچێتە نێو بیرکــردنەوەیەک، لە دەرەوە و نــاوەوەی خــۆی، دروشــم و ڕێ و ڕەســمەکانی بە فــۆرمێکی دیــکە بەرهەم دێنێتەوە. گاوتەمیش پێی وایە ئەو دروشم و ڕێ و ڕەسمانەش بۆ تاراوگەبوو لە تایبەتمەندییەکانییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەمانیش بریتین لە تایبەتمەندییە ناوەکییەکان: پۆشینی جلوبەرگە نەریتیەکان، ماڵ و ڕازاندنەوەی، شێوازی ژیانی، نەریتی خواردن، جوڵە و ڕەوشتی، نەریتی قسەکردن و بەکارهێنانی زمانی ڕەسەنی لە ماڵەکەی خۆیدا. لە تایبەتمەندییە دەرەکییەکان: بەکارهێنان و نیشاندانی ئاڵای وڵاتەکەی، وتنەوەی سرودی نیشتیمانی و نەتەوەیی، لەبەرکردنی جلوبەرگی باوانیان، پاراستنی شەرم و شکۆی ئافرەت و پیر و پەککەوتەکانیان بە بەها و نۆرمی خۆیان دەزانن. میوسیک و دراما و چوونە دانس بە گوێرەی ئەو نەریتە ڕێــگە پێــدراوانەیە، کەوا لە وڵاتــی ڕەســەنیەوە ڕێــگەی پێــدراوە و دەرنەچــوو بێــت لە فەرهەنگــی باوانیانەوە(Gautam, 2013, p4).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## چوارەم/ پلوراليزم_ پلوراليزمی كەلتووری و تێكەڵاوی كەلتووری.
## Pluralism, Cultural-Pluralism and Multi-Culturalism

هەر یەكێك لەو چەمكانە بەشێوەیەک گوزارشت لە نیشاندانەوەی ناسنامە دەكات، بە جۆرێک لە زۆربەی وڵات و سەرزەمینەكانی تاراوگە، تاراوگەبوو كەمینە یان كەلتووری كەمینە، یاخود ئیسنیكی كەمینەی پێ دەوترێت، ژیان و مانەوەیان لەنێو خەڵكانی وڵاتی خانەخوێ وەک بەشێک لە فرەیی و پێكەوە ژیان چاوی لێكراوە. گاوتەم سەبارەت بە پرۆسەی كاركردنی ئەو چەمكانە ڕای وایە، لە كەلتووری پێكەوە ژیانی فرە كەلتووری، كاتێک گروپێكی كۆمەڵایەتی لەپەراوێزی كەلتووری زۆرینەی خەڵكانی خانەخوێ دەژییێت، گروپی كەمینەی پێ دەوترێت. تێرمی فەرهەنگ و ئیسنیک هاوواتای یەكترن بۆ لەخۆگرتنی تێرمی كەمینە، بەو مانایەی كەمینەی فەرهەنگی یاخود كەمینەی ئیسنیكی یەک واتایان هەیە. بیری كۆمەڵگەی فرە كەلتووری لە چەمكی پلوراليزم وەرگیراوە، پەرە بە چەمكی پێكەوە ژیان دەدات، بۆئەوەی دۆخێكی كۆمەڵایەتی جێگیر دروست بكات. لەهەر شوێنێک دەسەڵاتی زاڵی كۆمەڵایەتی، لەلایەن زۆرینەوە نوێنەرایەتی بكرێت، هاوڵاتیانی سەر بە ناسنامەی زۆرینە چاوەدێری و كۆنترۆڵكردنی جووڵەی كەمینەكان دەكەن(Gautam, 2013, p5).

لە ئینسكلۆپیدیای سۆسیۆلۆژی سەبارەت بە فرەیی و تێكەڵاوی كەلتووری ئیدگار ئێف. بۆرگاتە( Edgar F. Borgatta)، پێی وایە، سیستەمێكە بۆ پێكەوە ژیانی ئایین و كەلتووری جیاوازە، لەو سیستەمەدا، هەر كەلتوور و ئایینێک لە هەوڵی چەسپاندنی ناسنامەی خۆیدایە، ئەوەی لەپشت ئەم فرەییەوە ئاراستە دەكرێت(ئایین)ە، هەر گروپ و دەستە و تاقمێک لە هەوڵی نیشاندان و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی ڕەمز و باوەڕ و بەهاكانی ئایینەكەیەتی، بەهۆیەوە بەراوردكردنێک دروست دەكات، كەوا هەمیشە ئایین و باوەڕەكەی بە پەسندتر دەزانێت (Borgatta, 2000, p2969). گاوتەمیش(Gautam) هەمان ئەو ڕایەی سەرەوە پشت ڕاست دەكاتەوە و ڕای وایە تاراوگەبوو كاتێک لە نەریتەكان جیاواز دەبێت، فەرهەنگیانە دەكەوێتە بەراوردكردنی گروپەكان، هیچ یەكێک لە بەها و بنەماكانی ژیانی لە دەست نادات، واتە ناهێڵێت بچوكترین بنەما و بەهای ژیانی بەشداری كەلتووری وڵاتی خانەخوێ بكات. پتر لەوەش كاریگەریی بەسەر دۆخی ئابووری هەیە، بەو مانایەی جیاكاری چینەكانی كۆمەڵگە، بەسەر شوێنی دابەشبوون و نیشتەجێبوون كاریگەریەكی گەورەی هەیە، لە مامەڵەی كڕین و فرۆشتنەوە بیگرە هەتا پەیوەندیەكانیان. پاشان لەڕووی سیاسیشەوە: ئەو جیاكاری و دابەشكردنە، لە كارلێكە ئابووریەكانەوە سەرچاوە دەگرێت، كەوا دەسەڵاتی ناوچە خۆجێییەكان بۆ مەبەستی كۆنترۆڵكردن و دەست بەسەرداگرتنی شوێن و شتەكان بەكاری دێنن(Gautam, 2013, p5).

چەمكێكی دیكە كەوا زیاتر لەو چەمكانەی بۆ مەبەستی پلوراليزم بەكاردێت، زاراوەی (Poly Ethnic)ە. لە شوێنێكی دیاریكراو، لەئەنجامی هاوبەشی و تێكەڵاوی گروپە ئێتنیە جیاوازەكان سەرچاوە دەگرێت، لە ژێر كاریگەری و چاوەدێری كردن و كۆنترۆڵ كردنی بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی خۆجێییەكاندایە. زۆن و ناوچە جیاوازەكانی نیشتەجێبوون، نیمچە سەربەخۆییەكیان پێ دەدات، بە مەبەستی لەگەڵ یەكتر بەشداری كردن و پەیوەندیی كردن، بەڵام ئەم پەیوەندییانە بە ناوەندێكەوە دەبەستێتەوە، بۆ هەموو بۆنە و ئاهەنگە كەلتووری و نەتەوەییەكانییان شوێنی دیاریكراویان بۆ دیاری دەكات. لە كەلتووری پلوراليزمدا، ڕێگە بەو هەستە دەدات، كەوا هەموو گروپە ئیسنییكیەكان بۆ هەمان ژیانی تاكەكانی ئەو وڵاتە بگەڕێنەوە و ببنە ئەندامی كەلتووری تێدا ژیاوی ئەو وڵاتە، لە سیاسەتی حیزبە دیموكراتەكانیشدا، بۆ وەرگرتنی دەسەڵات ڕێگە بە دەسەڵاتداریەتی كەسایەتی نێو گروپە ئیسنیكییەكان دەدرێت(Gautam, 2013, p5-7).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ناسنامە و شێوازی مەزراندن

تاراوگە بۆ زەقکردنەوە و باسکردنی ناسنامە سەرزەمینێکی کارایە، پاشان بۆ چۆنیەتی تەوزیف بوونی ناسنامە، لەنێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەسەرەوە وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە باسکراون دەشێ بەسەر دوو ئاست دابەشی بکەین، یەکێکیان ناسنامەی کەسییە، کەوا پەیوەندیی هەیە بە ئاستی پیشە یاخود ڕۆشنبیری یان هەر بوارێکی دیکەی پەیوەست بە خودی کەسەکە خۆیەوە بێت. ئاستی دووەم، پەیوەندی بە ناسنامەی نەتەوە هەیە. تاراوگەبوو لە بازنەیەکی فراوانتر لەسەر ئاستی تاک و گروپەکانەوە سەیری ناسنامە دەکات، گشتگیریی بە باسکردنی ناسنامە دەدات، پەیوەستی نەتەوەی دەکات. بۆ ئەو مەبەستە تێڕوانینی دوو بیرمەندی بواری کۆمەڵناسی وەردەگرین.

**یەکەم:** ئەنتۆنیۆ گیدنز(Giddiness) لەسەر ناسنامەی کەسی سەرنج و تێڕوانینی تایبەتی هەیە، پێی وایە ناسنامە بەو گۆڕانکارییانەوە پەیوەستە، کەوا لە مۆدێرنیتەوە کەوتونەتەوە، بە تایبەتی پەیوەندییکردن و پەیوەستبوون ئامرازەکانی مۆدێرنە دەیانکات، لە هەمان کاتدا ئێمە ئەزموونێکی تازەی پەیوەندییکردن ئەزموون دەکەین، لە تێکشکان و بڵاوبوونەوەی بەردەوامدایە، پاشان پێی وایە دۆخی کۆمەڵایەتی لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، بە قووڵییەکی جیاواز تاکایەتی ڕێگەی گرتۆتەبەر، ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بە دوای خۆیەوە بێنێ(Budathok, 2009, p4). دواتر گیدنز سەرنجەکانی لەمەڕ پرسی ناسنامەی کەسی وردتر دەکاتەوە، لە دونیای مۆدێرن نیشاندانی ناسنامەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە نەریت ڕوویان داوە، لەم ڕووەوە پێی وایە نیشاندان و زەقکردنەوەی ناسنامەی خودی(Self_Identy) دەچێتەوە سەر ئەو وردەکارییانەی ژیانی کەسەکەی پێوە پەیوەستە. لەم نێوەندەشدا گیدنز وێنەیەکی دوو ڕەهەندی سەبارەت بە نیشاندانەوەی ناسنامە نیشانداوە، ئەوانیش بریتین لە: (Micro*)، پەیوەندیی بە وردەکارییە زۆر تایبەتییەکانی ژیانی کەسەکەوە هەیە. ئەویدیکەیان(Macro**)یە، پەیوەندیی بە وێنەیەکی گەورەتری دونیای تێدا ژیاویەوە هەیە، وەک گشتێک وایە، ئەمیش سەر بەو پەیوەندییە تێکچڕژاویی و ئاڵۆزییەی دونیای جیهانگیرییەوە هەیە، لەسەر کۆمەڵگە و پاشان تاکەکانەوە کاریگەریی هەیە، بە شێوەیەک وێنەیەکی بەرچاو ڕوونیان لەسەر پەراوێزبوونیان ناداتێ(Giddiness,1991, p106).

گیدنز نموونەی لەسەر شێوازی نیشاندانی ناسنامە، هێناوەتەوە، لەم نموونەیەیدا وای بۆ چووە، کۆمەڵگەی مۆدێرن، سەرمایەداری دروست کردووە، بەهۆیەوە دەسەڵاتی ئەخلاق (Moral authorities) گۆڕاوە، بەم هۆیەوە گۆڕانکاریی لە دۆخی کۆمەڵایەتی ڕوویداوە، ڕەنگدانەوەی بەسەر ناسنامەی تاکەکەسەوە هەیە(Giddiness,1991, p106). لێرەوە لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی ئەنتۆنیۆ گیدنزەوە لەمەڕ پرسی ناسنامە، دەتوانین بڵێین وای بۆ چووە، لە کۆمەڵگەی مۆدێرن ناسنامەی کەسی لە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە خۆی نیشان دەدات، یەکێکیان پەیوەندیی بە وردەکارییەکانی ژیانی تاکەوە هەیە وەک هەستێکی ناوەکی

---


* Micro شێوەی ژیانی کەسەکە دەگرێتەوە، بە شێوەیەک لە چوارچێوەی شتە تایبەتییەکانی خۆیدایە، ڕەنگە لە بازنەی ماڵ و ژوور و شتە تایبەتییەکانیەوە دەرنەچێت، زیاتر بایۆگرافییە.

** Macroشێوەی ژیانی کەسەکە دەگرێتەوە لەنێو بازنەیەکی فراوانتر، ئەویش کۆمەڵگەیە، کەوا لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی فرە نەتەوەیی و ناسنامەییەوە دروست دەبێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ناسنامەی خودی(Self_Identify) بۆ بەرهەم دێنێ، ئەوی دیکەیان پەیوەندیی بە سیستەم و دونیای گلۆبالیزەیشنەوە هەیە، کەوا دونیایەکی تێکەڵاوی نەتەوەیی دروستکردووە، ئەم دوو ڕەهەندە جیاوازە لەسەر تاکەکان لەمەڕ نیشاندانەوەی ناسنامەیان کاریگەریی هەیە. بە سەرنجدانمان لە تێڕوانینەکانی گیدنزەوە، بۆ ئەوەی لەسەر نیشاندانەوەی ناسنامەی کەسی تاراوگەبوو لە نێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگە خوێندنەوەی بۆ بکەین، دەشێ سەرزەمینی تاراوگە بۆ تاراوگەبوو، بەرەو ڕووبوونەوەی دونیایەکی مۆدێرن بێت، پاشان لە نێو تۆڕەکانی سیستەمی ژیانی تازەیدا، هۆکارێکە بۆ تاراگەبوو درک بە ناسنامەی کەسی خۆیەوە بکات، لێرەوە دەتوانین بڵێین زەق کردنەوە و نیشاندانی ناسنامەی کەسی تاراوگەبوو لە نێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگە بەو دۆخە تازەیەی پەیوەستە، کەوا تاراوگەبووان لە کۆمەڵگەی ولاتی خانەخوێ و دۆخی کۆمەڵایەتی دووچاری دەبن. ئەم دۆخەش زیاتر لە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا و بەرهەمەکانیاندا چڕ دەکرێتەوە، بە شێوەیەک لەبەریەک هەڵوەشانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە ئەگەرێکی سەرەکی ئەو دۆخە دەزانرێت. بەمەش تاراوگەبوو(ڕۆماننووس)، ناسنامەی کەسی خۆی وەک تاراوگەبوویەک لە ڕێگەی شێوازی مامەڵەکردن و چۆنیەتی بیرکردنەوەی لە دونیای تاراوگە، دەکاتە بنەمای بیرکردنەوەی نووسینەکانی، لەبەر ئەوەی تاراوگەبوو(ڕۆماننووس)، تاراوگە بە کەشێکی هاندەر و لەبار دەزانێت، کەوا لە ڕێگەی نووسینەوە لەسەر ناسنامەی کەسی خۆی و تاراوگەبووەکانی دیکەی هاوشێوەی خۆی، بەرهەمیان بێنێتەوە. دەشێ باشترین نموونەی ئەم تێڕوانینەی گیدنز لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگە، بەسەر کەسایەتی محەمەدی حاجی زادەی ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) ببینرێت. پاشان شارستانیەت و ئەو ئامرازانەی هۆکارن بۆ بەردەوامبوونی ئەو شارستانیەتە، جا دەشێ لە ئامراز و کەرەستەکانی گواستنەوە ڕا بیگرە تا دەگاتە باڵەخانە هەوربڕەکان و لەگەڵ دونیای تێدا ژیاوی تاراوگە و ئەو دونیایەی پێشتر تێیدا ژیاوە، لەم نێوەندەدا بیرکردنەوەیەک لە هزری تاراوگەبوو دروست دەکات، بەمەش زۆربەی جار لە هەوڵی دۆخی نەریت پارێزی و دەستگرتن بە ناسنامەیان دان. تا هۆکارەکانی شارستانیبوون چڕتر و قوڵتر ببنەوە، هێندەی دیکە تاراوگەبوو بۆ ناسنامەی کەسی خۆی ڕۆدەچێت، لەبەر ئەوەی ئەم شارستانیەت و پێشکەوتنەی پێ ئەفسانەیە و لەگەڵ بەختەوەری تاراوگەبوو نایەتەوە، بگرە کێشە و گرفتیشی بۆ دروست دەکات. ئەمەش ڕاستیەک و زۆربەی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگە بەرەو ڕووی بوونەتەوە.

**دووەم**: روس فرانگ بیرگ (Ruth Franken burg)ە، یەکێک لە زانایانی بواری کۆمەڵناسییە، سەرنج و تێڕوانینی تایبەتی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە بۆ دەرکەوتن و نیشاندانی ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵێک هۆکاری هێناوەتەوە، ئەم هۆکارانەش ڕاستەوخۆ لەسەر شێوازی نیشاندانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کاریگەرییان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لە خوارەوە هێڵکارییەکەمان نیشانداوە.




.(WoodWard, 2003, p24)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بە تێڕامانمان لەم هێڵکارییەوە دەتوانین بڵێین ناسنامەی نەتەوەیی، یەکێک لەو پرسە گرنگ و هەستیارانەیە، بە ئەڵقەی پەیوەندیی تاکەکەس بە نەتەوە دەزانرێ، دەشێ من چۆن خۆم دەبینم و خەڵکیش چۆنم دەبینن، ناسنامەی لێوە بنیاد بنرێت، تەنانەت پاش ناوێکیشی بۆ دروست بکرێت. وەک چۆن تاراوگەبووێک بە دوای ڕەگەز، نەتەوە، نەژاد، جەستە و وەکیەکی هاوشێوە لەخۆ چووەکانی وەک خۆی دەگەڕێت، بەمەش ناسنامەی نەتەوەیی بە پێش مەرجی ئەم بەدوادا گەڕانە دەزانێ. عەلی زەڵمی لەمەڕ ناسنامەی نەتەوەیی وا نیشانداوە، هەردەم پرۆسەی خۆدانە پاڵ لەخۆم چووەکان و دوورکەوتنەوە لەئەوانی دی لەخۆم جیاوازەکان، جۆرێک لەئارامی دەبەخشێتە تاک و گروپەکان، کەواتە ناسنامەی نەتەوەیی وەک پرۆسەیەکی کۆیی و گشتگیر پەناگەیەکی لەبار و دڵنیاکەرەوە بووە بۆ ئەندامانی نەتەوە(زەڵمی، 2012، ل65). پاشان روس فرانگ بیرگ (Ruth Franken Burg)، لە بەشێکی دیکەی هۆکاری نیشاندان و دەرخستنی ناسنامەی نەتەوەیی، بە مەسەلەی ئیتنیک(ethnic*) ی، پەیوەست دەکات(WoodWard, 2003, p24). بە مانای گروپێک لە خەڵکی خاوەن یەک نەژاد، ڕەگەز، نەتەوەی هاوبەش دێت. واتە ethnic بریتییە لە ژمارەیەک خەڵک، تاکەکانی ناو ئەو گروپە خەڵکە لە ڕێگەی یەکێک لەمانەی خوارەوە کەلەپوور و کەلتوور، زمانی هاوبەش، ئایین، نەریت و ئایدۆلۆژیای هاوبەش، کەوا جۆرێک لە ئینتیما و هاوسۆزی لە نێوان ئەندامەکانی ئەو گروپە دروست دەکات، لە یەکتری دەچن، بەم هۆیەشەوە خۆیان دەناسنەوە(Vaughan, 2003, p43). لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین تاراوگە سنوورەکانی ناسنامە و ئیتنیک(ethnic)ە، زەقتر دەکاتەوە، لە زمانی کوردی ئەم چەمکە، زیاتر بە مەسەلەی بایۆلۆژییەوە پەیوەستە، بۆیە تاراوگەبوو(ڕۆماننووس یاخود کارەکتەری نێو ڕۆمان)، لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگە گوزارشت لە جیاوازییەکانی نێوان خۆی و خەڵکانی دەوروبەری لەسەرزەمینی تاراوگە، دەکات. بەو مانایەی زۆربەی بابەتەکان لەو چوارچێوەیەیە، کەوا بە ئیتنیکی نەتەوەیی دەزانرێت، ئەمەش زیندووکردنەوە و بەرز ڕاگرتنی ئەو بەها و نرخانەیە وەک پێدراوێکی نەتەوەیی لەنێو درکاندن و نووسینەکانیاندا دەردەکەون. لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگە، مەبەست لە (ethnic)، وروژاندنی ناسنامەی نەتەوەییە(National Identity)، چونکە بازنەی ناسنامەی نەتەوەیی فراوانترە و لەخۆگری(ethnic)ە، بۆیە هەر باسکردنێک لە چوارچێوەی (ethnic)، بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی دەمانباتەوە. تەنانەت لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگە، زۆر بە چڕی لەسەر مەسەلەی ئینیک وەستاونەتەوە، تیایدا بە جیاوازیی ڕەگەزی، کەلتووری، زمان و نەریتەوە گرێدراوە، لەوەش زیاتر وەک هەوڵێک لەبەرانبەر دۆخی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیش وەستاونەتەوە، کاتێک نەتەوەی سەر دەست لەسەر بنچینەی ڕەگەز، کەلتوور، زمان، سیاسەتی وەدەرنان و سڕینەوەی جیاوازییەکان لە هەوڵێکی بەردەوامدایە، بۆیە ڕۆمانی کوردیی تاراوگەش توندتر و بە گوڕتر ناسنامەی نەتەوەیی و کوردبوونی تیادا زەقکراوەتەوە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (ونگە) ی عەبدوڵڵا سەراج و (پەناهەندە)ی ئەحمەدی مەلا و (هوتێل ئەورووپا)ی فەرهاد پیربال، ئەم شێوازی مامەڵەکردنە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت.

---

* لەزمانی کوریدا چەمکێکی گردەبڕ بەرامبەر( ethnic)، وەک واتای ئەم چەمکە بەکاری بهێنین نییە، زۆربەی لێکۆڵەرانی کورد بەرامبەر ئەو چەمکە(نەژاد یاخود رەگەز)یان بەکارهێناوە، کەچی لەزمانی ئینگلیزیدا( Gender, Race) لەواتای ئەم دەستەواژە کوردیانەوە نزیکە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## بەشی دووەم

## ناسنامە وەک لێکەوتەیەک لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگە

بۆ ئەوەی ناسنامە وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگە ببینینەوە، ئەوا پێویستە بە دوای ئەو هۆکارانە بگەڕێین، کەوا لە نیشاندانەوەی ناسنامەی تاراوگەبوودا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. بێگومان تاراوگەبوو لە نێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگە، بە سیفەتی جیاوازی شوێنکاتی تێدا ژیان و چۆنیەتی مەزراندنی شێوازی جیاوازی نیشاندانەوەی ناسنامە، دونیابینیی و تێفکرینی جیاوازیان بەرهەمهێنانەوە.

### یەکەم: توانەوە و تێکەڵاوبوون Assimilation and Integration

هاتنە پێشەوەی پرس و باسی ناسنامە، لە نێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگە پەیوەندیی بە دۆخی توانەوە(Assimilation) و تێکەڵاوی(Integration) تاراوگەبوو بە دونیای تاراوگەوە هەیە، لەم نێوانەشدا تاکی کوردی تاراوگەبوو لە تێکەڵابوونی بە کۆمەڵگە و تەنانەت تاکەکانی وڵاتی خانەخوێ، بە دڕدۆنگی و سڵەمینەوە هەنگاوی ناوە، بۆ ئەم مەبەستەش پرسی ناسنامە وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە لەنێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگە بە زەقی نیشاندراوە. بەشێکی زۆری تاراوگەبووان لە ترسی لە دەستدانی ناسنامەیان، لە دەوری یەکدی و هاوشێوەکانی وەک خۆیان، کۆدەبنەوە. ئەو هاوشێوانەی سەر بە یەک ڕەگەز و ئایین و ئیتنیکن، بەم هۆیەشەوە بەردەوام لەسەرزەمینی تاراوگە لە وردەکارییەکانی ژیانی یەکتر ئاگەدارن و زووبەزوویش لە نێو خۆیاندا لەمەڕ پرسی لە دەستدانی ناسنامەیان یەکتر ئاگەدار دەکەنەوە، تاوەکو لەسەرزەمینی تاراوگە بە دەق و مۆری زێدی ڕەسەنی خۆیان بمێننەوە، بۆ ئەوەی تاکێکی بە وەفای نیشتیمان بن.

لە ڕۆمانی(ونگە)ی عەبدوڵڵا سەراجدا، چەمکی تێکەڵاوبوون(Integration)، بۆ پرسی نیشاندانەوەی ناسنامە، وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە بە ڕوونی بەسەر تاراوگەبوواندا بە دیارکەوتووە، ئەگەرچی تاراوگەبوو بە سیفەتی جیاوازیی شوێنکاتەوە لە نێو ئەم ڕۆمانەدا، لە هەوڵی خۆگونجاندن و دەربچەیەکدایە بۆ ئەوەی بە تەنیا و تەنیایی نەمێنێتەوە. کەیوان وەک کەسایەتیەکی تاراوگەبوو لەنێو ڕۆمانەکەدا شەوانە هامووشۆی ئەو یانانەی کردووە، کەوا خەڵکی وڵاتی خانەخوێ بۆ بە سەربردنی کات سەردانیان کردووە. لێرەوە تێکەڵاوبوون بۆ کەیوان دەبێتە ئەو دۆخەی بەردەوامیەتی ژیانی لێوە بەرجەستە دەبێت، تەواوی ڕوودانی شتەکانی دیکەی نێو ژیانی کەیوانی تاراوگەبوو، لەم دۆخی تێکەڵاوبوونەوە سەرهەڵدەدات. زەبری نیشاندانەوەی ناسنامەی کەیوانی تاراوگەبوو، لە ڕۆڵ پێدانی خۆی وەک کەسایەتیەکی تاراوگەبوو لەبەرانبەر ئەویدیکەی جیاواز لە خۆی بە دیار دەکەوێت، بە هەستێکی شکۆ و شانازییەوە لە پیاهەڵدانی ناسنامەی خۆیدا لەبەرانبەر لایلای خانەخوێ، خۆی دەنوێنێ. ئەوەتا کەیوان سەبارەت بە دۆخی تێکەڵاوبوون و نیشاندانەوەی ناسنامەدا، لە یانەیەکی شەوانەدا لە بەرانبەر ئافرەتێکی خانەخوێ بەم جۆرە خۆیان بە یەکتر دەناسێنن، سەرەتا ئافرەتەکە دەڵێت: ((لایلا... لایلا هەینۆنێن... چۆن دەگوزەرێ؟!))(سەراج، 2005، ل34)، پاشان کەیوانیش دەڵێت: ((منیش کەیوانم، کەیوانی باوەگوڕگوڕی...دەقەتێ))(سەراج، 2005، ل34). بێگومان ئەمەش ئەو دۆخەیە لە بەرانبەر ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە دەروونییە، کەوا تاراوگە بۆ کەیوان و هاوشێوە تاراوگەبووەکانی دروستکردووە، سەبارەت بە دەست پێوەگرتن و نەفەوتانی ناسنامەیان. لە ڕۆمانی ونگە بە هیچ شێوەیەک بۆ هیچ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکە ئاماژەی بە توانەوەی تاراوگەبوو لە نێو ناسنامەی وڵاتی خانەخوێ نەکراوە، بەو مانایەی دۆخی توانەوە کاریگەریی لەسەر تاراوگەبووەکانی نێو ڕۆمانەکە نییە.

لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، بە هەمان شێوەی ڕۆمانی دیکەی کوردیی تاراوگە، لە کارەکتەری محەمەدی حاجی زادە، دۆخی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خانەخوێ بۆ نیشاندان و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامە، یارمەتیدەریەتی و بەردەوام بۆ ناسنامەی کەسی خۆی دەگەڕێتەوە. بە شێوەیەک خۆی وەک تاراوگەبووێک درکی بە دۆخی پێڕانەهاتن و نەگونجانی رۆحی کردووە، کەوا کاتێک لە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خانەخوێ، نەیتوانیوە دەست لەو ناسنامەیە هەڵبگرێ، کەوا وەک مەلایەک پێی ناسراوە، ئەمەش بەردەوام بۆ مسیۆلوسیانا و مەدام گالانتی دووبارە کردۆتەوە، کەوا دەیووت: ((من واتێ دەگەم بۆ ئێمەی موسڵمانی ئاوارەی ئەوروپا، پاراستنی ڕەوشت و کەلتووری ئیسلام لە نوێژ و ڕۆژوو زۆر گرنگترە))(پیربال،2010، ل62). لێرەدا محەمەدی حاجی زادە لە میانەی تێکەڵاوبوونیەوە جەخت لەسەر ناسنامەی خۆی وەک ڕۆژهەڵاتییەک دەکاتەوە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە ناسنامەی نیشانی ئەوانی دیکە(خەڵکی خانەخوێ) بداتەوە.

پاسان لە ڕۆمانی (ژن)ی ڕێواس ئەحمەد، تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵک و دۆخی کۆمەڵایەتیی وڵاتی خانەخوێ بە ڕوونی لەسەر هەتاوی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە هەستی پێدەکرێت، ئەمەش کاتێک (هەتاو)، شوو بە پزیشکێکی ئەو نەخۆشخانەیە دەکات، کەوا هەتاو وەک کارگوزارێک ڕۆژانە ژوورەکەی خاوێن کردۆتەوە و بەردەوام بینیوویەتی. لە میانی خۆشەویستییەکەیاندا، (هانس) وەک تاکێکی وڵاتی خانەخوێ، لە وردەکارییەکانی ژیانی (هەتاو)ەوە، درکی بە جیاوازیی ناسنامە کردووە، بۆیە کاتێک بڕیاری بەیەکەوە ژیان دەدەن، هانس دەڵێت: ((دەچینە وڵاتێکی ئیسلامی و لەوێ بە دەستووری خۆتان مارەت دەبڕم. کە منداڵیشمان بوو لە کڵێسا بە دەستووری ئێمە جارێکی تر مارەت دەبڕم))(ئەحمەد، 2011، ل224). ئەم شێوە ژیانەی هەتاو لە ئاست و بازنەیەکی فراوانتر لە هەوڵی نیشاندانەوەی ناسنامەی خۆیەتی، ئەمیش لە جیاوازیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەردەکەوێت، بەو مانایەی لە نێو ئەم ڕۆمانەدا زەبری نیشاندانەوەی ناسنامە بۆ جیاوازییە ئیتنیکییەکان براوەتەوە، لەوێوە وەک پێویستیەک بۆ سەلماندنی خۆی(هەتاو) بەردەوام ناسنامەی ڕۆژهەڵاتیانەی خۆی لە ڕەنگی چاو و قژ و پێستیدا دووپات کردۆتەوە، ئەوەتا لە گفتوگۆیەکی نێوان دکتۆر هانس و کارگوزارێکی دیکەی نەخۆشخانەکە، لەمەڕ هەتاو دواون، دەڵێت: ((پیاوی وڵاتی ئەوان حەزیان لە چاوی شینە و ئێوەش لە چاوی ڕەش))(ئەحمەد، 2011، ل40). ئەمەش ئاماژەیەکە دۆخی بایۆلۆژی مرۆڤ لە ڕێگەی گروپ و چینیی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ نیشاندانەوەی ناسنامەی هەتاوی تاراوگەبوو یارمەتیدەرە. دواتر لە ڕۆمانی ئیلشا، دلشاد نەبی و ئیڤا، هەمان دۆخی تێکەڵاوبوونی نێو ڕۆمانەکانی دیکەی تاراوگەی هەیە، دلشاد وەک تاراوگەبووێک، بۆ دەرخستنی ناسنامەی، پەنای بۆ جیاوازیەکانی نێوان ئێمە و ئەوان بردووە. ئیڤا بە سیفەتی ئەوەی خانەخوێ و خەڵکی وڵاتی ئەڵمانە، دلشادیش کوردێکی تاراوگەبووە، بۆیە لە نێو ڕۆمانەکەیدا دیدار مەسیفی ئەم جیاوازیانەی بە زەقی دیار خستووە، بە تایبەتی ڕۆژانی ژیانی نێو کەمپ، کەوا چەندین ڕەنگ و شێوە جیاوازی ئادەمیزادی بینیووە، کەچی تەنها ئاوا وەک فریشتەیەک بە هانایەوە هاتووە، دلشاد لەم بارەیەوە دەڵێت: ((پەنابەران، ڕەش بون وەکو شەو، سپی بون وەکو بەفر، زەرد بون وەکو گەنمە شامی، ئەسمەر بون وەکو گەنم، بەڵام چتاقیان نەبون بە هاودەرد و هاو خەمی دلشاد نەبی. ئەو دەیزانی کەوا ئەو هەموو ڕەنگە جیاوازەی بەشەر بە ئاشی یەک جۆرە دڵ و خوێن دەگەڕێت))(مەسیفی، 2010، ل26). لێرەوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

تێیدەگەین تێکەڵاوبوون بۆ نیشاندانەوەی ناسنامەی تاراوگەبوو یارمەتیدەرە، بە شێوەیەک لەبەرز نیشاندان و شکۆپێدان لە بەرانبەر ناسنامەی ئەوانی دیکە، جۆرێکە لە مانەوە و نەفەوتان.

## دووەم: جیاکاری (Discrimination)

یەکێک لەو دیاردە بەرچاوانەی، تاراوگەبوو ڕۆژانە بە بەردەوام لەسەرزەمینی تاراوگە بەرەوڕووی دەبێتەوە، دیاردەی جیاکاری نێوان خەڵکانی وڵاتی خانەخوێ و کەسانی تاراوگەبووە، جا دەشێ بۆ جیاوازیی ئایین، ڕەگەز، دۆخی کۆمەڵایەتی...هتد، بگەڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆمانی کوردیی تاراوگە بۆ نیشاندانەوەی ئەم دیاردەدیە وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە. تاراوگەبوو لە تاراوگە، لە هەوڵی گەڕاندنەوەی شوناسیەتی، چونکە بە جێگیربوونی لە دەرەوەی شوێن و نیشتیمانی خۆیدا، کەسایەتییەکی تری لێ هەڵکەوتووە، بێگانەیەکی کەساس و نائاشنایە، لە هەوڵی دۆزینەوەی خۆیدایە. تاراوگەبوو کاتێک هەست دەکات، کە لە نیشتیمان قسەکەر و سەنتەر بووە، کەچی لە تاراوگە گوێگر و پەراوێزە، لێرەوە تاراوگە وەک سەرزەمینی جیاکاری دەبینێ بۆ دۆخی نیشاندانەوەی ناسنامەی ڕەسەنی وەردەگێرێت. بەم هۆیەشەوە تاراوگەبوو لە تاراوگە، سنووری پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگەی وڵاتی خانەخوێ بەرتەسکتر دەبێتەوە و گومان و سەرنجەکانی بە مەبەست و مەرام، دەکاتە هەوێنی خوڵقاندنی ناسنامە. بە سەنجدانمان لە بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردیی تاراوگە، ئایین وەک جیاکارییەک لە نێوان دوو دونیابینیی باسی لێوەکراوە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی لە تاراوگەوە ئایین بۆ پەڕاگەندەبوو، ناسنامەیەکە، بە هۆیەوە پێیەوە دەناسرێتەوە، بەشێکی زۆری ئەو وەسف و تایبەتمەندییانەی لە نێو ئایینەکاندا هەن، بە باڵای کەسایەتییەکانەوە دەبڕدرێت، جا هەندێکجار دۆخی سیاسی یاخود هەوڵێکی چەواشەکارانە بۆ ناشیرین کردنی ئایینێک، ڕەنگدانەوەی بەسەر تاک و گروپە دەستگیرۆییەکانی ئەو ئایینەوە هەیە، بێگومان تاراوگەش بە سیفەتی سەرزەمینی پێکەوە کۆبوونەوەی چەندین ئایین و گروپی ئایینی، ئەم ناسنامەیە زەقتر دەبێتەوە، بۆیە لە ڕۆمانی هوتێل ئەورووپا، فەرهاد وەک تاراوگەبوویێک لە نواندنەوەی ڕووداوێکی نێو ڕۆمانەکەدا، ئەم شێوازە مامەڵەکردنە لەگەڵ ناسنامەدا بە تۆخی نیشان دەدات، کەوا کاتێک پۆلیس دزێک دەگرێت، بە ڕەچەڵەک عەرەبە و پەناهەندەی فەرەنسایە، لە یەکێک لە شەوەکاندا، بە دزییەوە هەوڵی چوونە ژوورەوەی هۆتێلی مەدام گالاتتی دەدات، دوای دەستگیرکردنی، پۆلیس ناوی دەپرسێت، ئەمیش وەڵامی پۆلیس ناداتەوە، ((مەدام گالاتتی زۆر بەتوڕەییەوە تەماشای دزەکەی دەکرد، چونکە وەڵامی ئەفسەرەکەی نەدایەوە، بە هەڵپەوە گوتی بێ گومان محەمەد))(پیربال، 2010، ل36). دیارە ئەم هەوڵە بۆ شێواندن و لەکەدارکردنی ناسنامەی دینی، مێژووییەکی کۆنی هەیە، ئەم دیاردەیەش لەسەرزەمینی تاراوگە بۆ پەناهەندە و ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، بەم هۆیەشەوە ڕۆمانی هوتێل ئەورووپا دیوێکی دیکەی ئەو مامەڵەکردنەی ناسنامەی ئایینیەمان بۆ دەردەخات، کەوا مسیۆ لوسیانا لە بەرانبەر هەستکردن بە ڕووشاندنی ئەو ناسنامەیە بە فەرهادی تاراوگەبوو دەڵێت: ((داوای لێ بووردنت لێ دەکەم ئەگەر دایکم جەنابتی هێشاندبێ، دیارە مەبەستی دایکم کاتێ گوتی بێگومان(محەمەد) هیچ شتێکی تر نەبووە لەوە زیاتر کە دەترسا هۆتێلەکەمان ناوی بزڕێت))(پیربال، 2010، ل37). لێرەدا ئەگەرچی مسیۆلووسیانای کوری مەدام گالاتی داوای لێبووردن لە فەرهادی نێو ڕۆمانی هۆتێل



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئەورووپا دەکات، بەڵام ئەم داوای لێبووردنە هیچ کاریگەرییەکی نییە، چونکە ئەم لەکەدارکردنە، ئایدۆلۆژیایەکە، مێژووییەکی لە پشتە، بە ئاسانی لە فیکری خەڵکانی سەرزمینی ئایین جیاواز(لە ئیسلام)، ناسڕدرێتەوە.

لە ڕۆمانی ئیلشا، ئایین وەک ناسنامە دەبینرێت، دیارە ئەم ڕۆمانە مەبەستیەتی بەم هۆیەوە لە ڕێگەی دلشادی تاراوگەبووەوە، زەبری نیشاندانەوەی جیاکاری بنوێنێ، کەوا خۆی لە ئەوانی وەک خۆی نزیک بکاتەوە و لە ئەوانی لە خۆی جیاوازتر بە جیاوازتر ببینێت. بۆ هەمووان ڕوونە سەرزەمینی تاراوگە، بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە شێوەیەکی گشتی ئایینی مەسیحی، زۆرینەی خەڵک پەیڕەوی لێدەکەن، دیارە دلشادیش وەک تێدا ژیانی نێو ئەم فەزایە بە باشی درکی بەم بابەتە کردووە، هەر بۆیەش بۆ جیاکردنەوەی خۆی و ئایینەکەی، کەوا وەک ناسنامەیەک بە کاری دێنێ، بۆ هەموو سەفەر و سەردانیکردنێکی نێوان شار و مەڵبەندە جیاوازەکانی تاراوگە، لە نێو جانتاکەیدا هەمیشە قورئانێکی بچووکی تێدا بووە. لەمەش زیاتر ناسنامەی تاکی تاراوگەبوو، بە تایبەتی ئەو کاتانەی پەیوەست بە بازنەی ئیتیک دەکرێت و تێکەڵ بە دۆخی ڕامیاری دەبێت، ئەوا هێندەی دیکە، تاراوگە ڕۆڵی لە تۆخکردنەوەی ئەو ناسنامەیە هەیە، بۆ نموونە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ تاکەکانی تێدا ژیاویان دوو جەمسەری ناسنامەن، بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیان دەناسرێنەوە، بەمەش بۆ بەرامبەرەکەیان هەڵگری جۆرێک لە تێفکرینی جیاوازە لەگەڵ ناسنامەی خۆی (ڕۆژئاوا)، بۆیە لەنێو ڕۆمانەکەدا لە بارەی نیشاندانی ناسنامە و شێوازی مامەڵە لەگەڵ کردنی بە ڕوونی ئەو هەستەی ڕەنگ پێداوەتەوە، کەوا کاتێک ئیلشا بۆ ماوەیەک لە مارکێتەکەی نزیک ماڵیان درەنگ دێتە دەرەوە، ئاووای تازە خۆشەویستی، ((کەمێک تاسا و هەستی بەو گومان و ترسە ئەورووپاییە کرد کە لە بەرامبەر بنیادەمی سەر ڕەش دا هەیە))(مەسیفی، 2011، ل10). لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەمیشە لەهەر کردەیەکی دۆخی کۆمەڵایەتیانەی تاراوگەبوو بۆ خەڵکی وڵاتی خانەخوێ لەسەرزەمینی تاراوگە جۆرێک لە پرینگانەوەی دروستکردووە، ئەمەش بۆ ناسینی ناسنامەیان دەگەڕێتەوە. هەر بۆیەشە لە ڕۆمانی ئیلشا لەسەرزاری ئاووای خۆشەویستی دلشاد بە ئاگاییەوە لەو جیاکارییە ئاگەدارمان دەکاتەوە، کەوا کرۆکی ئەم تێفکرینە لە ناسنامەوە سەرچاوەی گرتووە.

## سێیەم: بەیەکەوەبوون(Association)

ئەم دۆخی بە یەکەوەبوونەی تاراوگەبووان لە کردەیەکی ڕاگوزرییانە گوزارشتە، دەشێ بۆ ماوەیەکی کورت لە سات و دەمێکی دیاریکراو تاراوگەبووێک لەگەڵ تاکێکی وڵاتی خانەخوێ، هاوڕێ بن. یاخود بە یەکەوەبوونێک لە ڕاپەڕاندن و بە ئەنجام گەیاندنی کارێک، ماوەی تێدا خایەنراوی کورت بێت، یان هەر پەیوەندییەکی دیکە بە جۆرێک لە جۆرەکان تاراوگەبوو بە خەڵکانی خانەخوێ پەیوەست دەکات. ڕۆمانی کوردیی تاراوگەش وەک لێکەوتەیەک، لە گواستنەوەی دیمەنی لەم شێوەیە خاوەنی چەندین چیرۆکی سەرنجڕاکێشە. لەم پەیوەندیی و بەیەکەوەبوونانەدا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کەوا لە تاراوگە پەیوەندییەکی مکوم لە نێوان ناسنامە و تاراوگەبوودا هەیە، ئەو نا ئارامی و نیگەرانیە ڕۆحییەی لە تاراوگە کەوتۆتەوە، تاراوگەبوو بۆ هاوسەنگی دۆخە نا ئارامیەکەیان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی تاراوگە بۆی دروستکردوون، ناسنامەیان بە ئامرازێک زانیووە. هەمیشەش تاراوگەبووان جەختییان کردۆتەوە، تاراوگە بۆ ئەمان دروستبوونی دوو دونیا و دوو تایبەتمەندیی و دوو وێنەی جیاوازی ناسنامەیان بۆ دروست دەکات، بە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

شێوەیەک سەماکردنە لەسەر دوو شانۆی جیاواز، تیایدا ئێرە و ئەوێ، بوونێکیان بۆ دروست دەکات. بەمەش زۆربەی کات تاراوگەبوو لە نێو کایەی نووسین بە تایبەتی ڕۆمانی کوردیی تاراوگە بە نووسینەکانیان(ئەوێ) نیشتیمان و ناسنامەکەی بە پیرۆز سەیر دەکات.

لەنێو ڕۆمانی هۆتێل ئەورووپا، چیرۆکی بەیەکەوەبوونی محەمەدی حاجی زادە و فەرهاد لەگەڵ مسیۆلوسیانا و مەدام گالانتی نیشاندراوە. لەم ڕۆمانەدا مسیۆلوسیانا و مەدام گالانتی، کەوا جوولەکە و خانەوادەیەکی زەنگین و خودا پێداون، سەروەت و سامانێکی زۆریان بۆ ماوەتەوە، لە ڕێگەی سامانەکەیانەوە، ناسنامەیەکیان بۆ خۆیان دروستکردووە، تەواوی خەڵکانی ناسیاو و بێگانە، بە هۆی پارەداریەکەیانەوە، بە دەوڵەمەندە جوولەکەکە دەیانناسنەوە، ئەوەندەی لە خەمی هێشتنەوەی ناسنامەی دەوڵەمەندبوونەکەیانن، هێندەش پتر لە خەمی پاراستن و دەق پێوەگرتنی ئایینەکەیانن، بە پارێزەوە لەگەڵ خەڵک و ناسیاوەکانییان مامەڵە دەکەن، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نین، کەمترین ڕەخنە و نەنگیی بکەوێتە سەریانەوە، نەوەکو بە هۆیەوە ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینییان لەکەدار بێت، بۆیە لە هەر جووڵە و کردەوەیەکییاندا بە وریاییەوە مامەڵە دەکەن. ئەم بەیەکەوەبوونە تیایدا چەندین گفتوگۆی سەبارەت بە ناسنامەی بە دوای خۆیدا هێناوە. سەرەتا وەک بابەتێکی گشتگیر لە ناسنامەی ئایینیەوە دەستی پێکردووە، دواتر گفتوگۆکان بردراونەتە سەر دۆخی سیاسی و لێکەوتەکانی لەسەر تاک. محەمەدی حاجی زادە لەو بەیەکەوەبوونە ڕاگوزەرییەدا، سەرنجی سەبارەت ناسنامەی ئایینی دەربڕیوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئێمەی ئێرانی، هیچ نەبێ، کەلتوورێکی ئەسیڵ و مێژوویەکی دێرین و دینێکی پیرۆزمان هەیە))(پیربال، 2010، ل62). پاشان لە ماوەی بەیەکەوەبوونیان مسیۆلوسیانا سەبارەت بە شێوازی نیشاندانەوەی ناسنامەی وەک هاوڵاتییەکی خانەخوێ و چۆنیەتی سەرنجدانی ناسنامەی تاکێکی ڕۆژهەڵاتی، دەڵێت: ((ئەورووپاییەکان خۆیان ئەورووپای خۆیان دروست کردووە، ئێوەش دەبێ خۆتان ئەورووپایەک بۆ خۆتان لەسەر خاکی خۆتان دروست بکەن! ناسنامە! ناسنامەی خۆتان هەبێت))(پیربال، 2010، ل82). ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێت، بەیەکەوەبوون، ڕۆژانە وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتیی لە نێوان خەڵکی خانەخوێ و تاراوگەبووان، هۆکارن بۆ نیشاندانەوەی ناسنامە.

لە ڕۆمانی(ژن)ی ڕێواس ئەحمەد، دۆخی بەیەکەوەبوون لە پەیوەندیی خۆشەویستی هەتاو و پیاوێکی سویدی بەناوی هانس نیشاندراوە، تیایدا بۆ ناسنامەی مێینەی کورد گەڕاوەتەوە، کەوا لە ژیانی هاوسەریتی چەندە بۆ پیاوەکانییان میهرەبانن، هەردەم لە خەمی ماڵ و منداڵەکانییاندان. ئەم شێوازی ڕەفتارکردنە بەو جۆرە میهرەبانییەی هەتاو سەرنجی هانس ڕادەکێشێت، بە جۆرێک ناسنامەیەکی بۆ دروستکردووە، کەوا بەهۆیەوە مێینەکانی نیشتیمانی ئەوی پێ دەناسرێتەوە، بۆیە هانس بە ڕاشکاوانە بە هەتاوی تاراوگەبوو دەڵێت: ((پیاوی ڕۆژهەڵات بەختەوەرن کە ژنەکانیان هێندە خزمەتیان دەکەن))(ئەحمەد، 2011، ل157). پاشان هەتاو لە درێژەی پەیوەندییەکەیدا ئەوەی بۆ هانس ڕونکردۆتەوە، کەوا کچانی نیشتیمانی ئەو بە ئابڕوو و بە حورمەتن، بەر لە چوونە پرۆسەی هاوسەرگیری هیچ جۆرە پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ خۆشەویستە نێرینەکانیان ئەنجام نادەن، ئەمەش بەلای هانسەوە وەک تایبەتمەندییەک لێی ڕوانراوە، بۆیە لەم بارەیەوە هەتاو دەڵێت: ((کە باسی پەیوەندی خێزانێتی خۆمانی بۆ دەکەم سەری ڕاوەدەشێنێ، بە تایبەتی سەبارەت بە ژنهێنان و شووکردن، یان ئەوەی کچانی لای خۆمان بەر لە شووکردن هەموو جۆرە پەیوەندییەکی سێکسی لێ قەدەغە کراوە))(ئەحمەد، 2011، ل157). بەڵام لێرەدا ئەوەی لە گوتاری ڕۆمانەکەدا مایەی سەرنجە، مەبەستیەتی ئەوە دەربخات، کەوا کچ و ژنەکانی نیشتیمانی ئەو، لە تەواوی کچ و ژنەکانی سەرزەمینی تاراوگە جیاوازترن،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

جیاوازییەکەش بۆ بەرگەگرتنی خەم و ژانی قورسی ژیان و بەرگەگرتنی ئازاردانیانە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە. هەتاو وەک تاراوگەبوویێک لە نێو ڕۆمانەکەدا جگە لەو دۆخە پەستی و خەمگینیەی خۆی، ئاماژە بە چەند کچ و ژنێکی دیکە کردووە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی دۆخی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی خێزانەکان بۆ هەموو ژن و کچەکانی کورد لە تاراوگە یەکسان نیە. لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕۆمانەدا، دڵڕەقی مێینەی سەرزەمینی تاراوگە نیشانی دەدات، کەوا وەک ناسنامەیەک لە بەرامبەر ناسنامەی خۆی، چونکە پێی وایە، هیچ کاتێک ئافرەتێکی کورد لە بەرانبەر دەستکەوتەکانی خۆیدا، هەوڵی لەناوبردن و ئەشکەنجەدانی بەرانبەرەکەی نەداوە. بۆیە لە بەشی حەڤدە و هەژدەی ڕۆمانەکەدا، ناسنامەی ئەو ژنە کۆنەی هانس، کەوا وەک گشتێک بەسەر تەواوی ئافرەتانی خانەخوێی وڵات دەناسێنێت، لە ئەزیەت و ئەشکەنجەدانی ڕۆڵی بینیووە، بە تایبەتی ئەو کاتەی پیاوێکی بە پارە گرتووە، تا زانیاری لەسەر شیرین کۆبکاتەوە، ((هەمان ڕۆژیش سارا چووسەری لەشیرین داو بۆماوەیەکی دوور و درێژ قسەیان کرد پاشان دەستی بەستەوە و خستیەوە ناو ژوورێکی بچووکی بێ پەنجەرە و دەلاقە. لە ڕۆژێکدا دووجار سەری لێدەدا و خواردنی بۆ دەبرد و دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ ))(ئەحمەد، 2011، ل233). ئەمەش نیشاندانەوەی ئەو دڵڕەقییەیە، کەوا ئافرەتی ڕۆژئاوایی لەبەرانبەر ئافرەتانی دیکەی تاراوگەبوو هەیانە، بە تایبەتی ئەو ساتانەی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان دەکەوێتە مەترسی.

## چوارەم: پلورالیزم_ پلورالیزمی کەلتووری و تێکەڵاوی کەلتووری

نیشاندانی پرۆسەی فرەیی و فرەکەلتووری و تێکەڵاوی کەلتووری لە ڕۆمانی کوردیی تاراوگە، بە مەبەستی وروژاندنی ناسنامە و جیاکردنەوەی کەمایەتییە لەنێو زۆرایەتی، ئەگەرچی زەبری نیشاندانەوەی ناسنامە، پتر دۆخێکی مەعنەوییە، تاکەکان(تاراوگەبوو) بەپێی کاریگەربوونیان لە شوێن و فەزای جیاواز هەستی پێدەکەن. لەنێو پرۆسەی نووسین و نیشاندانی لەلایەن ڕۆماننووسانی تاراوگەوە، ناسنامە کاریگەرییەکی دوو سەرەی هەیە، بە دیوێکیدا، ئەرێنییە، دەبێتە هۆی یەکگرتووی و نزیکبوونەوە لە نێوان تاکەکانی سەربەیەک شوناس یاخود تاکەکانی شوناسە هاوبەشەکان. بە دیوەکەی تریدا، نەرێنییە، ململانێ و لێکدژی و دردۆنگی و دوورکەوتنەوە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا زیاد دەکات، بۆیە دەکرێت بڵێین ناسنامە بەشێکە لە پرۆسەی خۆجیاکردنەوە یاخود خۆ یەکسانکردنی نەتەوە و ناسنامەی ئەویدیکە. ڕۆڵی کاریگەری تاراوگە، لە دروستکردنی ناسنامە، بە زۆری لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخدا هەستی پێکراوە، مۆرێک بووە لە نووسین و ڕۆمانی تاراوگەوە دراوە، بە جۆرێک نرخ و بەها پێدانێکیان لەنێو نووسینەکانیاندا پێداوە، بە تایبەتی لە مەسەلەی زیندووکردنەوەی رابردوو و دووبارە بەکارهێنانی لەنێو نووسیندا، بۆ نەخشاندن و وێناکردنی داهاتوویەک بە خەیاڵی دروستکردن و هێنانەدی کیانێک، کەوا تەنها نووسەرانی تاراوگە لەنێو نووسینەکانیاندا ئەم خەیاڵەیان بە سەنتەر کردووە و فەزایەکی نەتەوەیی یەکگرتوویان دروستکردووە. ئەو ڕۆماننووسانەی لە تاراوگەوە هەوڵی نووسینیانداوە، بە شێوازی جیاواز و فۆڕمی جیاجیا هەوڵیانداوە ناسنامە بکەنە سەنتەری نووسینەکانیان، ئەم هەوڵ و تەقەلادانە بۆ پاراستن و بەرگریکردن بووە لە ناسنامەی کوردبوون و وەستان دژی هەر هەوڵێکی سەپێندراو بۆ سڕینەوەی ناسنامەیان درا بێت. ئەم دیالێکتیکەی نێوان نووسەران و پاراستنی ناسنامەیان، ئامانجی سەرەکی ڕۆمانی تاراوگەیە، هەندێکجار ئەم شێوازە لەبەرگریکردنە فۆڕمی سیاسی کوردبوونی بە زەقی بە خۆیەوە بینیوە. بەردەوامبوونی ڕۆماننووسانی تاراوگە، لەسەر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

نووسینەکانیان، دینامیکییەتێکە پەرە بە سیاسەتی سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی دەدات، بەو شێواز و فۆڕمە تایبەتەی، کە هەیەتی. بۆیە دەکرێت لەم ڕێگەیانەوە بۆ شێوازی مەزراندنی ناسنامە لە نێو ڕۆمانی کوردیی تاراوگە بگەڕێینەوە.

## شێوازی مەزراندنی ناسنامە

### یەکەم: ناسنامەی کەسی

لە ڕۆمانی ئیلشا، ئەوەی پەیوەندیی بە خودی ناسنامەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە هەیە، بە دوو شێواز کار لەسەر نیشاندانەوەی ناسنامەی کارەکتەرەکان کراوە. شێوازی یەکەم پەیوەندیی بە تایبەتمەندییەکانی کارەکتەرەکانەوە هەیە، بەو مانایەی کار لەسەر مایکرۆ (Macro) کراوە. شێوازەکەی تر پەیوەندیی بەو وردەکارییە زۆر وردانەوە هەیە، کەوا کارەکتەرەکە بەتەنها پێی دەناسرێتەوە، بەو مانایەی کار لەسەر میکرۆ(Micro) کراوە. بۆیە ئەم ڕۆمانە دەرخستن و نیشاندانی تایبەتمەندییە کەسیەکان وەک ناسنامە و خاڵی جیاکەرەوەی نێوان تاراوگەبوو لەگەڵ خەڵکانی وڵاتی خانەخوێ بە مەبەست و ئامانج بەکارهێناوە، تاوەکو لە یەکتر هەڵاوێرکردنی لەگەڵ خەڵکانی میللەتانی دیکە بە ئاسانی جیاوازییەکان لەمەڕ نیشاندانەوەی ناسنامەی کەسیی خۆیان دەربخەن. بێگومان بە سیفەتی ئەوەی تاراوگە بۆ دەرخستنی خود و تواناکانی تاراوگەبوو سەرزەمینێکی کارایە، ئەوە دەخوازێ، کەوا ناسنامە بکاتە ئامرازێک و لە ژیانی ڕۆژانەدا، بە بەردەوام مەنەفێستی بکاتەوە. لەم سۆنگەیەوە ڕۆمانی ئیلشا لەسەر ئاستی ماکرۆ(تایبەتمەندی کەسی)، بۆ مەبەستی ناسنامە و لێکەوتەی بەسەر کەسایەتیەکانی نێو ڕۆمانەکە، لە بازنەیەکی فراوانتر، وەکو یەکێک لە لێکەوتەکانی تاراوگە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، کەوا هەمیشە خەڵکی وڵاتی خانەخوێی بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەیان، بەم شێوازە لەگەڵ پەناهەندە و غەریبانی سەرزەمینی دیکە مامەڵە دەکەن، کەوا ڕەنگی پێست و قژ دەکەن بە هۆکاری ناسینەوەیان، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوێکدا، کەوا کەسایەتی ئیلشا دەچێتە یەکێک لە دوکانەکانی نزیک ماڵی خۆیان، ((لە نێو دووکانەکە پیرە ژنەکە شادبوو بەوەی کەوا موشتەرییێکی تازەی ڕووخسار ڕۆژهەڵاتی بەرەو دوکانەکەی دێت))(مەسیفی، 2010، ل 9). لێرەدا، ئەوەی دەبینرێت ناسنامەی گشتییە، کەچی ئیلشا وەک نیشاندانەوەی ناسنامە، لەمەڕ دۆخی تێدا ژیاوی نیشانی داوەتەوە. لەم ڕۆمانەدا ناسنامەی کەسی ئیلشا، کەسێکی خوێندەوار و تێگەیشتووی سەردەمەکەی خۆیەتی، ئەمە وەک ناسنامەی کەسی لە نێو ڕۆمانەکەدا، وەک وردەکارییەکی زۆر تایبەتی بۆ کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەی بەکاریهێناوە، ئەم شێوازی پێبەخشینی ناسنامەیە ئاماژەیەک بۆ ئەوەی، تاراوگەبوون لە ئاستی ئەم کارەکتەرەوە بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەو مانایەی بە قووڵی درکی بە ژان و ئازارەکانی نیشتیمانی کردووە، بە تایبەتی بۆ کەسێکی خوێندەواری وەک ئیلشا، کەوا ڕۆشنبیری سەردەمەکەی خۆیەتی، کارێکە پەیوەندیی بە دونیای بیرکردنەوەی تاکەکەسیانەی ئیلشاوە هەیە. هەر بۆیە ئەم ڕۆمانە لە درکاندنی ناسنامەی دڵشاد– ئیلشا، کەوا کاتێک لە ژیانی نیشتیماندا بووە دەڵێت: ((خۆی و کتێبە قەبەکانی بن هەنگڵی هەردەم لە دەرگاوە خێرا دەردەپەڕێ))(مەسیفی،2010، ل24). لێرەدا وەک ئەوەی گیدنز لەمەڕ ئەو وردەکارییانەی ژیانی تاکەکەس، کەوا بە میکرۆ ناوی بردبوو، ئیلشاش وەک کارەکتەرێکی تاراوگەبوو،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وردەكارییەكانی ژیانی بۆ نیشاندانی ناسنامەی كەسی بەكارهێناوە، بەو مانایەی كتێبەكانی بن هەنگڵی گوزارشتە لە وردەكارییەكانی ژیانی، هەوڵیداوە ناسنامەی كەسایەتی لێوە نیشان بدات.
لە ڕۆمانی (ژن)ی ڕێواس ئەحمەد، پێداگیری لە ناسنامەی تاك كراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی هەتاوی وەك كارگوزارێكی پاككردنەوە لە یەكێك لە نەخۆشخانەكانی وڵاتی سوید هێناوەتەوە، كەوا پەیوەندیی و تێكەڵاوی لەگەڵ چەندین كەسی نێو نەخۆشخانەكەدا هەبووە، هاوكاتیش بە پارێزەوە مامەڵەی كردووە لەگەڵ ئەو پیاوە سویدییانەی لە نەخۆشخانەكەدا كاریانكردووە، ئەمەشی لە پێناو پاراستنی بەها و شكۆی خۆی بووە، كەوا وەك تاراوگەبووێك پێی وابووە تایبەتمەندییە كەسییەكانی نابێ لەدەست بدات، بەمەش لە دیدی ئەو سوێدیانەی لە خۆشخانەكەدا كاریانكردووە، ناسنامەیەكی بۆ دروستبووە، بۆیە ئیڤا وەك بەرپرسی كارگوزارەكانی نەخۆشخانەكە سەبارەت بە باسكردنی ناسنامەی كەسی هەتاوی تاراوگەبوو بۆ (هانس)ی بەرپرسی نەخۆشخانەكە دەڵێت: ((بوسێ زۆر بە دوایدا ڕادەكات و دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ ببەستێ، بەڵام ئەو گوێی ناداتێ. دەڵێن كچی بێگانە شوو بە پیاوی سویدی ناكەن))(ئەحمەد، 2011، ل85).
لێرەدا مەبەست ئەوەیە، ئەم ڕۆمانە لە ناساندن و ناسنامە پێدانی مێینەكان، لەسەرزەمینی تاراوگە، ئاگایی ڕەچاو كردووە، واتە لەسەر ناسنامەی خودی، هەوڵی بنیادنانی ڕۆمانەكە دراوە. وەك لە بەشی تیۆری ناسنامەدا، لە ڕوانگەی گیدنزەوە ئاماژەی بۆ كراوە، كەوا دەشێ ناسنامە لە پەیوەندیی شتەكانی تاكێكەوە، دەست پێبكات، كەوا تایبەتمەندیی و خەسڵەتی تاكایەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، بازنەیەكی فراوانتریش، كەوا پەیوەندیی بە كەسەكە و چوارچێوەی دەرەوەی خۆی هەیە، لەم ڕۆمانەشدا، هەردوو شێوەكەی بۆ ناساندن و دەرخستنی ناسنامەی كەسی بەكارهێناوە، كاتێك باس لە وردەكارییەكانی ژیانی خۆی دەكات و شێوازی مامەڵەكردنی خودیانەی لەگەڵ پرس و بابەتەكان، یاخود كاتێك لە ڕێگەی پیاوێكی بیانیەوە (هانس) ڕووبەڕووی ناسنامە و دونیابینینێكی جیاواز لە هی خۆی دەبێتەوە، كەوا كۆمەڵگە و كەلتووریشی جیاوازە، لێرەوە ئەم ڕۆمانە مەبەستیەتی ناسنامەی هەتاو وەك كارەكتەرێكی تاراوگەبوو دەربخات.

## دووەم: ناسنامەی نەتەوەیی

كەیوانی تاراوگەبوو وەك كارەكتەرێكی ڕۆمانی ونگە، لەو پەیوەندی و هاموشۆیانەی لەگەڵ خەڵكی وڵاتی خانەخوێیدا هەیبووە، بەردەوام ناسنامەی نەتەوەیی خۆی نیشانداوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ڕۆمانە پەیوەندی نێوان لایلا هەینۆنێن و كەیوانی سەبارەت بە نیشاندانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی باسكردووە، كەوا لەو ساتانەی بەیەكەوەبوون، كەوا چۆن كەیوان لە هەوڵی ناساندنی ناسنامەی نەتەوەكەیدا بووە، بە شێوەیەك بۆ سەرەتاكانی دروستبوونی نیشتیمان و چۆنیەتی جەنگ و ململانێیەكانی دەرهەق بە نەتەوەكەی گەڕاوەتەوە. پاشان شارستانیەت و دەركەوتنی یەكەمین هەوڵی مرۆڤ سەبارەت بە بەردەوامیدانی ژیان بۆ زێد و نیشتیمانەكەی گێڕاوەتەوە، بێگومان ئەمەش ئەو ڕۆحەیە بە شێوەیەكی وا لە ناسنامەی نەتەوەكەی ڕوانیووە، كەوا زێد و نیشتیمانی بە پیرۆز زانیووە. بۆیە كەیوان، تاراوگە بە لە ڕەگەوە هەڵكێشانی خۆی دەزانێت و پێی وایە لە جوگرافیایەكی نامۆ بە تاڵە موویەكەوە هەڵواسراوە. پاشان هەموو ئەو گفتوگۆیانەی بە مەبەستی یەكترناسین لەگەڵ خەڵكی وڵاتی خانەخوێی دەیانكات، هەمیشە پێش هەموو پرس و وەڵامێك، مەبەستیەتی ئەوەی دەست بكەوێت، كە ئایا ئەمیش وەك ئەو ئاوارەیە، یاخود خەڵكی ڕەسەنی ئەو وڵاتەیە،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دیارە زانینی ئەم زانیارییە یارمەتیدەرە بۆ پرسین و دەسکەوتنی زانیاری دیکە، لەم نێوەندەدا، وڵات و شوێنی جوگرافی دەبێتە هەوێنی یەکتر دواندنیان. لە هەر حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا، کەیوان بۆ بەهێزی وتە و باسەکانی ئاماژەی بە ناوی نیشتیمانەکەی کردووە، وەک ناسنامەیەک خۆی پێ ناساندووە، ئەوەتا کەیوانی تاراوگەبوو لە ساتی یەکترناسینی (لایلا هەینۆنێن)، کەوا ئافرەتێکی بە ڕەگەز فیلەندییە، یەکەم پرسیاری داوای ئەوە دەکات، کەوا خەڵکی کام وڵاتی سەر ڕووی زەمینە، ئەمیش بۆ هەمیشە نەخشەیەکی چاپکراوی کوردستانی لە گیرفانی بووە، بۆ شانازیکردن بە ناسنامەکەی لەسەر نەخشە پێی ووتووە، خەڵکی(کوردستانم)، پاشان بە ئاماژە بۆی دیاریکردووە، لەم بارەیەوە کەیوان دەڵێت: ((بۆیە هەمیشە لاپەڕەی ئەتلەسێکی کۆنم لە گیرفاندا بوو، کە چەند ساڵ لەوەبەر لە فنلەندە چاپکرابوو، گوتم دیوتە لە ئەتلەسێکی ئێوەدا، ناوی کوردستان هەیە؟))(سەراج، 2005، ل35)، ئەمە جۆرێکە لە نیشاندان و شانازیکردن بە ناسنامە، کەوا خەڵکی شوێن و جوگرافیایەکی دیاریکراوە، ڕەنگە ئەمەش بەها و نرخ پێدانێکی هەبێت.

لەبەشێکی دیکەی ناساندنی ناسنامەی نەتەوەییدا، ئەم ڕۆمانە مەبەستیەتی لەسەرزاری کەیوان وەک پاشخانێکی مەعریفی ئاماژە بە ناوی چەندین بەرهەمی بیری کەڵە نووسەران بکات، کەوا لەسەردەمی ئێستادا، لە کایەی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا، بوونەتە ناسنامەی نەتەوەیەک، دیارە مەبەستی ناوهێنانی(مەم و زین لاس و غەزال و شیرین فەرهاد)، بۆ ئەوەی بە لایلا بڵێت ئێمەش هاوشانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرە، خاوەن بەهرە و ڕۆشنبیرییەکی کۆنین، لەم بارەیەوە کەیوان دەڵێت: ((ئەحمەدی خانی ئێمە وەکو شکسپیر داستانەکەی مەموزینی بە شیعر هۆنیوەتەوە))(سەراج، 2005، ل42). لێرەدا ئەم ڕۆمانە لەسەرزاری کەیوانی تاراوگەبوو، ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی گفتوگۆ و باسەکانی لەگەڵ لایلا نیشان داوەتەوە، دیارە ئەمەش ئەو ڕۆحە شێلگیرەیە، کەیوانی تاراوگەبوو لە بەرانبەر ناسنامەی نەتەوەیی هەیەتی.

کەیوان بۆ لایلای خانەخوێی بە ناخی مێژوودا ڕۆچووە، مێژوویەکی دێرین و پڕ سەرفرازی گێڕاوەتەوە، کەوا لە هەندێک قۆناغ و سەردەمدا، کەسێک وەک فریاد ڕەسی نەتەوەیەک هەڵکەوتووە، ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵگەکەیدا هەبووە، پاشان وەک سیمبولێک بۆ شانازیکردن ناوی لەنێو مێژوودا تۆمارکراوە، مەبەستی کەیوان لە پشت گێڕانەوەی ئەو پاژە لە مێژوودا، شانازیکردنە بەو مێژووە پڕ لە شکۆیەی، کەوا لەسەر ئاستی نەتەوە، کوردیش بەشدارییەکی کارای هەبووە، چەندین جەنگی گەورە لەسەر خاکی نیشتیمانەکەی ڕوویداوە، هاوشانی ئەو جەنگە یەکلاکەراوانە ناوی لە مێژوودا تۆمارکراوە، ئەم شێوازە لە وەسفکردن و باسکردنانە بەلای کەیوانەوە ناسنامەیەک بەرجەستە دەکات، بۆ نەوەی کۆن و نوێ مایەی شانازیکردنە پێیەوە. بۆیە کەیوان وەک پاڵەوانێک ناوی هەرقەل دێنێت،کەوا کاتێک لەگەڵ لایلا سەردانی مۆزەخانەیان کردووە، لەوێوە پەیکەرێک دەبینێ، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەز هیرقل و مێدۆزام لە مۆزەخانەیەکدا دی، سۆمای چاوم لەنێوان هەردووکیاندا گۆڕییەوە، بە تاقگەی فەنتازیا و پلوسکی ئەندێش، هەڵگەڕامەوە بۆ چاخە بەردینەکانی نیاندەرتاڵ و پێشتر، گەڕامەوە ناو ئەشکەوتەکانی: شانەدەری و زەرزی و هەزارمێرد، چاوم لە زێدی سۆمەری و گوتی و زامواییەکان کردووە، خۆم بە براله و وەچ و توخمی کەڵگامێش زانی))(سەراج، 2005، ل21)، کەیوانی تاراوگەبوو پێی وایە لە پاڵەوان بازی و یەکلاکردنەوەی جەنگ لە شەرگەکاندا، نەتەوەکەی ڕۆڵێکی پاڵەوانانەی هەبووە، پاشان بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەبوونی چەندین هەرقەلئاسای کوردان دەکات، کەوا لەمێژووی نوێیدا ناوێکی دیارو کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر تاک و کۆی نەتەوە هەیە. لەوەش زیاتر کەیوان مەبەستی لە گێڕانەوەی ئەم مێژووە، بۆ ئەوەیە، کەوا شارستانیەت و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ژیانی کورد لەم ناوچەیەی تێیدا ژیاوە، خاوەن تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆیەتی، ئەوەتا ئەشکەوتی هەزارمێرد و شانەدەر و یەکەم دەرکەوتنی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە سنوور و گۆشەی نیشتیمانەکەی ئەون، بۆیە ناسنامە و مێژوویەکی کۆنینەی ڕەسەنی هەیە، لەگەڵ کەلتووری میللەتانی دیکە لەسەر زێد و مەڵبەندی ژیانی بەیەکەوە ژیاون،

لە بەشێکی دیکەی نیشاندانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆمانی (ونگە)ی عەبدوڵڵا سەراج، یاخیبوونی سپارتاکۆس و دواتر ئازادکردنی ژمارەیەکی بێشوماری کۆیلەکان، بۆ سەردەمی ئەوان هەڵاتنی ڕۆژێکی نوێ بووە، بە هەمان شانازیکردن ئەم ڕۆمانە ڕاپەڕین بە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و گیان بەختکردوانی ئەم ڕێگایە دەزانێ، خۆی بە میراتگری کارەساتی هەڵەبجە و قۆناغەکانی ئەنفال و سەرنگومکردنی چەندین خەڵکی بێ تاوان دەزانێت، بۆیە دەڵێت: ((سەرەتایترین شانەی یاخیبوون و هەڵمەت لە سپارتاکۆسەوە تەشەنەی کرد بۆ لای بابکی خوڕڕەمی لەمەڕ خۆمان. ئەم لۆگۆسە بێ سەرحەد و ئەزەلییە، چاوەڕوانی نوێبوونەوەی شانەی دیکەیە و.... دیکەیە. بازنە دەخولێتەوە و گوڕ بۆ نووا دەبات))(سەراج، 2005، ل16).

پێداگیری کەیوان سەبارەت بە مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەیی لەنێو ئەم ڕۆمانەدا بە تۆخی ڕەنگیداوەتەوە، لەوەش زیاتر ناسنامە دەباتەوە سەر هەموو جووڵە و هەوڵێکی چاکەکار، کەوا هەر تاکێکی کورد لەهەر بستە خاکێکی تاراوگە ئەنجامی بدات، ئەوا پێی وایە ڕەسانەتی کوردبوونی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. لە میانی گەڕان و هامووشۆکردنی شوێنە گشتییەکانی سەرزەمینی تاراوگە، کەیوان ڕێی دەکەوێتە سێکس خانەیەک، دوای مانەوەی لەو شوێنە لەگەڵ هاوڕێیەکی کۆنی، بە ناوی خوسرەو ئاشنا دەبێتەوە، یەکەم پرسیاری لە خوسرەوی هاوڕێی، ترسی لە دەستدانی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و منداڵەکانیان بووە، کەوا لەنێو ناسنامەی تاراوگەدا، شوناس و خۆناسینی خۆیان فەرامۆش نەکەن، ڕەنگە ئەمە ترسێک بێت زۆربەی تاراوگەبووەکان هەیان بێت، لەم بارەیەوە کەیوان ڕوو دەکاتە خوسرەو و دەڵێت: ((پرسیارێکم هەیە ئەویش: ئێمە لێرە نابینە ترێ بن گۆم!؟ پاش وەچەیەک و دوان، مۆرکی ڕەسەنایەتیمان کاڵ و کرچ دەبێتەوە! ئەگەر یەکجارەکی نەسڕێتەوە))(سەراج، 2005، ل73).

محەمەدی حاجی زادە و فەرهاد، دوو کارەکتەری تاراوگەبووی نێو ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا)ن، ئەم دوو کارەکتەرە، بە شێوازی کەسییانەی خۆیانەوە، گوزارشتیان لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کردۆتەوە، بە شێوەیەک لە هەر کردەیەکی کۆمەڵایەتییانەی سەرزەمینی تاراوگە، بۆ هاوشێوەکانی وەک خۆیان یاخود خەڵکانی وڵاتی خانەخوێیان، ناسنامەی نەتەوەییان کردۆتە چەقی پرس و باسەکانیان. محەمەدی حاجی زادە پیاوێکی بە ڕەگەز خەڵکی وڵاتی ئێرانە، دیارە پیشەی ئەم پیاوە لە زێد و نیشتیمانی مەلایەتی بووە و هاوکاتیش خەریکی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی خەڵکی بووە. لەسەرزەمینی تاراوگە ئەم پیاوە لە هەوڵی لە دەستنەدانی ناسنامەکەی دایە، لەو ساتەوە گەیشتۆتە سەرزەمینی تاراوگە، تەواوی پەناهەندەکان بە هۆی پیشەکەیەوە دەیانناسییەوە، سەرباری پاراستنی ناسنامەی کەسایەتییەکەی، لە خەمی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیشیدا بووە، محەمەدی حاجی زادە، ((مەلایەکی خەڵکی تاران، تەمەن دەوروبەری چل و پێنج ساڵ، هاتبوە پاریس داوای مافی پەناهەندەیی بکا))(پیرباڵ، 2010، ل5)، ئەمە ناسنامەی خودی کەسایەتی یەکێک لە کارەکتەرەکانی نێو رۆمانی هۆتێل ئەورووپایە، کەوا لەتاراوگە بەهۆی پیشەکەیەوە پێی دەناسرێتەوە، پاشان ئەم کەسایەتییە لە ڕێگەی ناسنامەی کەسی خۆیەوە، ناسنامەی نەتەوەیی بە باڵاتر دەگرێت لە ناسنامەی خەڵکانی وڵاتی خانەخوێی، وتوویەتی: ((سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو سیستەمێکی تری سیاسی، بۆ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئێمەی موسڵمان گونجاوترە))(پیربال، 2010، ل12). ئەم شێوازی ئاخاوتن و گوفتارانە، بەبەرز ڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوەییە لە چاو ناسنامەی ئەوانی دیکە(تاراوگە). پاشان لەهەر کۆبوونەوە و بەیەکەوە دانیشتنێکی تاراوگەبووان، بە بیریانی دەهێنایەوە، کەوا ئەوان ئاوارەن، پێویستە ئاگەداری خۆیان و ڕەفتاری منداڵەکانیان بن، لەم بارەیەوە فەرهاد وەک ئامادەبوویێکی نێو ئەم دانیشتنانە دەڵێت: ((محەمەدی حاجی زادە دوای سێساڵ مانەوەی لەناو وڵاتی فەرەنسا، هێشتاش هەر بە (ئەوروپای کافر)قسەی دەکرد))(پیربال، 2010، ل29).

کارەکتەرێکی دیکەی نێو ئەم ڕۆمانە، ناوی فەرهادە، کوردە و خەڵکی باشووری کوردستانە، لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئیراق و ئێران، ڕایکردووە و خۆی گەیاندۆتە پاریس، لە تاراوگە پیشەی نیگارکێشانە، بە هۆیەوە بێگانە و پەناهەندەکان، بە هۆی ناسنامەی کارەکەیەوە دەیناسنەوە، ئەمیش بەردەوام لە خەمی لە دەستنەدانی ناسنامەکەیدایە. دیارە تاراوگە بەهۆی جەنجاڵی و ئاڵۆزی ژیان تیایدا، مرۆ بە تایبەتی پەناهەندەش ئاستەمە بتوانێ تاسەر پارێزگاری لە ناسنامەی خۆیدا بکات، بۆیە شکۆیەکی گەورەیە بۆ تاک لە بەردەوامیدان و مانەوەی ناسنامەکەیدا بەردەوام بێت. ئەمەش کاتێک مورتەزای گوڵچینی لە وەسفکردنی فەرهادی تابلۆکێشدا، دەڵێت: ((نیگارکێشێکی کوردە لە پاریس هاوڕێمانە، ئەگەر هاتیت بۆ پاریس... وەرە تابلۆی لێ بکرە، یان هیچ نەبێ تابلۆکانی، لە گەلەرییەکەی خۆتدا بێشچاو بخە بۆ کریارەکانی خۆت))(پیربال، 2010، ل8)، لێرەدا جێگەی ئاماژەیە، ناسنانەی نەتەوەیی بووەتە ناسنامەی تاک و بە پێچەوانەشەوە دروستە، دیارە ئەمەش ئەو لێکەوتەیە تاراوگە بەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و کەسیی دروستی دەکات، کەوا کاتێک کەسێک ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە ناسنامەی کەسیی و پێیەوە دەناسرێتەوە.

لە ڕۆمانی پەناهەندە، ناسنامەی نەتەوەیی یەکێک لەو هۆکارانەیە، تاکی تاراوگەبوو، پابەندە پێیەوە و دۆخێکی تایبەتی بۆ خوڵقاندووە، کەوا بەردەوام لە زەینیدا ئایدیای پارێزگاریکردن لە ناسنامە نەتەوەییەکەی خوول دەخواتەوە. بۆیە تاراوگەبووانی نێو ئەم ڕۆمانە، ئەوەندەی لە خەمی پاراستن و مانەوەی ناسنامە نەتەوەییەکەیاندان، بە هیچ جۆرێ بیر لە گۆڕین و دەستبەردانی ناکەنەوە. تاراوگە وەک شوێن و مەڵبەندێکی تێکەڵاوی ناسنامە جیاوازەکان، کوڕی خۆی دەوێت خۆی نەدۆڕێنێ و لەنێو ئەم جەنجاڵییەدا ون نەبێت. تاراوگەبووان لە نێو ئەم ڕۆمانەدا بۆ وەک خۆ مانەوەیان لە ململانێیەکی سەخت دان، حوسێن یەکێک لەو کارەکتەرانەیە، تا لە زێد و نیشتیمانی خۆیدا بوو، لەگەڵ ناسنامە و ڕەگەزە نەتەوەییەکەیدا هیچ کێشەیەکی نەبووە، کاتێک پەڕاگەندەی تاراوگە دەبێت، لە دەرئەنجامی مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵک و تێکەڵاوبوونیان، درکی بەها و گرنگی ناسنامەی دەکات، لەلای دەبێتە گرێیەکی ئاڵۆزکاو، کەوا بەبەردەوامی بیری لێکردۆتەوە، ئەمەشی بەردەوام بۆ کاکلی هاوڕێی درکاندووە، بۆیە کاکلیش سەبارەت بەو هەوڵانەی حوسێن لەمەڕ پارێزگاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی داویەتی دەڵێت: ((گرفتە بنچینەییەکانی حوسێن دوو شت بوون: کوردبوون بوو لەلایەک ... ))(مەلا، 2006، ل28). تاراوگەبوو لە تاراوگە، یەکەمین کار و هەوڵێک لە خەمیدا بێت، پاراستنی ڕەگەز و مانەوەی ڕۆحی نەتەوەچییەتیتی، بەردەوام کێبەرکێیەتی، بۆ بەرزڕاگرتنی بەهاکان، چونکە حوسێن لە تاراوگەوە باشتر کوێرەوەی و ژانی ناسنامەی کوردبوونی بۆ بە دیارکەوتووە. پاشان کارەکتەرەکانی وەک (مەسیفی، ئازاد، کاکل...)ی، نێو ڕۆمانی پەناهەندە بە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن، کەوا تاکە نەتەوەیەکن لەسەرزەمینی تاراوگە، بە دەست گرێی کوردبوونیانەوە دەتلێنەوە، هەمیشە تراژیدیا و ناسۆرەکانیان، دەبەنەوە نێو هەناویان و شانازی بەوە دەکەن، کەوا خۆیان بە کۆنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵات دەزانن. ئەم ڕۆمانە لەسەرزاری ئازاد وەک کارەکتەرێکی تاراوگەبووی نێو ڕۆمانەکە،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕوونتر ئەو باسە دەوروژێنێ، کاتێک دەوارێکی ڕۆژهەڵاتیانە، بە بۆن و بەرامەی کوردانە لەسەرزەمینی تاراوگە بۆ ناساندن و ئاشناکردنی بەرهەمە ئەدەبی و ژیارییەکانی نەتەوەی کورد، هەڵدراوە، دەڵێت: ((کورد لەژێر دەوار فرچیکی کەوتووە فرچک، لە ژێر دەواریش ژیان دروست دەکاتەوە))(مەلا، 2006، ل36)، لێرەدا ئەو مەبەستە خۆی ڕوون دەکاتەوە، کەوا تاراوگەبووی کورد ناسنامەکەی بە قەد دیرۆکی ڕۆژهەڵات، کۆنە، هاوشانی تێدا ژیاوی میللەتانی تری ناوچەکەیە و بە هەوڵ و ئاوەزی ڕۆڵەکانی لە ناوچەکەدا، ژیانی شارستانیی بەسەر بردووە. لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا ئەم شێوە گوتارانە تەوزیفی ڕۆمانەکە کراوە، مەبەستیەتی مێژوویەکی کۆن و ناسنامەیەکی پرشنگدار، بۆ شانازیکردن و خۆهەڵکێشان لە ڕۆحی کەسایەتیەکاندا دروست بکات، کەوا هیچ نەنگیی و خۆ بەکەمتر زانینێکیان لە خەڵکانی دیکەی نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات کەمتر نیە. لەوەش زیاتر ئازاد پێی وایە ڕۆژئاوا ئەو فەزا سیحرییە نیە، کەوا خەڵکانێک بەسەرزەمینی ئازادی و دادپەوەری دەزانن، ئەوەندە بەلایانەوە باڵا و بەرزە، بۆی گەیشتوونەتە حەپەسان و واق ورمان، بۆیە تاراوگە بەسەرزەمینی دوو فاقی و وێک نەهاتنەوەی خەیاڵی مرۆڤ و واقیعیەتی تێدا ژیاوی دەچوێنێ، لەبارەی ناسنامەی تاراوگەوە وەک شوێنکاتێکی جیاواز لە زێد و شوێنکاتی بنەڕەتی ژیانی دەڵێت: ((پێکهاتەیەکی مولتەبیس و دوو فاقەی هەیە، جارێکیان بە حەپەسان و سەرسوڕمانەوە سەیری دەکرێت، جارێکی دیکەش دەبێتە جێی نەفرەت لێکردن و بگرە قێز لێ هاتنەوەش. دەبێتە جێی قێز لێ هاتنەوەیەکی وا کە بە لێشاو رووی تێدەکەن بۆ ئەوەی چرنووک تیژکەن دژی هەردوو دونیا بجەنگن))(مەلا، 2006، ل44). لێرەدا ناسنامەی کوردبوون ئەوەندە بە پیرۆز سەیر کراوە لە ناسنامەی نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتیش بە بەرزتر لێی ڕوانراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ئەنجام

– لە ڕۆمانی ونگە، ناسنامەی کەسی و ناسنامەی نەتەوەیی هاوتەریبی یەکتر نیشاندراوەتەوە وەک هۆکارێک لە بەرانبەر نەتوانەوەی لە نێو ناسنامەی خەڵکی خانەخوێی بەکارهاتووە، ئەمەش پتر لە کارەکتەری کەیوانی تاراوگەبوودا دەرکەوتووە، کەوا لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیی و بەیەکەوەبوونەی لەگەڵ لایلای خانەخوێی هەیبووە.

– لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، پتر ناسنامەی کەسی جەختی لێوە کراوەتەوە، بە تایبەتی محەمەدی حاجی زادە، وەک مەلایەکی دوازە عیلم، هەوڵیداوە بۆ ناسنامەی کەسی خۆی بگەڕێتەوە و وەک شانازییەک لە بەرانبەر جیاکاری خەڵکانی خانەخوێی بەکاریهێناوە.

–لە ڕۆمانی ئیلشا، ناسنامەی کەسی دلشاد وەک ڕۆشنبیرێکی زێد و نیشتیمانەکەی نیشاندراوەتەوە، لە بەرانبەر ئەو دۆخی بەیەکەوەبوونەی لەگەڵ(ئاووا)ی هاوڕێیدا هەیبووە.

–لە ڕۆمانی ژن، هەتاو وەک کارەکتەرێکی تاراوگەبوو، ناسنامەی جێندەرییانەی خۆی وەک مێینەیەک بۆ بەرانبەرە خانەخوێیەکەی نیشانداوەتەوە، کەوا وەک شانازییەک بە مێینەکانی نیشتیمانەکەی ناسنامەی بەرهەم هێناوەتەوە.

–لە ڕۆمانی پەناهەندە، ناسنامەی نەتەوەیی وەک دۆخێکی شانازیکەر بەرهەم هێنراوەتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو دۆخە پلورالیزمە کەلتوورییەی لەسەرزەمینی تاراوگە بۆ تاراوگەبووان ڕەخساوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## لیستی سەرچاوەکان:


### ➢ سەرچاوەی کوردی

-ئەحمەد، ڕێواس. 2011، (ژن)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

-پیربال، فەرهاد. 2010، (هوتێل ئەوروپا)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

-سەراج، عەبدوڵلا. 2005، (ونگە)، چاپخانەی سۆران، چاپی دووەم، هەولیر.

-مەسیفی، دیدار. 2010، (ئیلشا)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

-مەلا، ئەحمەدی. 2006، (پەناهەندە)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

-زەڵمی، عەلی.2012، (پرسی شوناس لە مژدەکانی مۆدێرنەوە بۆ گومانەکانی پۆستمۆدێرن)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

### ➢ سەرچاوەی ئینگلیزی

-Brady, E., 2004. (Identity and Exile in Isabel Allende's Trilogy), Boston College University.

-Borgatta, E.F. and Montgomery, R.J., 2000. *Encyclopedia Of Sociology-Volume I*. Macmillan Reference USA.

-Budathoki, A., 2009. (Modernity & Migration), Karlstad university, se.

-DeZepetnek,Steven Totosy, I-chun Wang and Haslao-Yn Sun, 2010. (Perspectives on Identity, Migration and Displacement),national sun-Yatsen university.

-David, K. and Kadirgamar, S., 1989. Identity, Conflict and Crisis, Hong Kong.

-Gautam,M. K., 2013.(*Indian Diaspora Ethnicity and Diasporic Identity*), European University Institute: Robert Schuman Centre for Advanced Studies.

-Giddens, A., 1991. *(Modernity and self-identity: Self and society in the late modern age*). Stanford university press, U.S.A.

-Magosvongwe, R., 2013. *Land and identity in Zimbabwean fiction writings in English from 2000 to 2010 critical analysis* (Doctoral dissertation, University of Cape Town.

-Salkind, N.J. ed., 2008. *(Encyclopedia of educational psychology*). SAGE publications.

-Vaughan, S., 2003.(Ethnicity and power in Ethiopia), The University of Edinburgh, U.S.A.

-Woodward,Kath.2003,(Social Sciences The big issues), Rutledge, London.

**Journal:**

Malan, J., 2007. African Journal on Conflict Resolution vol. 7, number2.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**الملخص:**

عنوان بحثنا الموسوم (الهوية كاستلزام للغربة)، اشارة إلى الغربة واشكالها ومعاناتها واهوالها واجوائها متمثلة بمجموعة من الروايات الكوردية المغتربة،وهذا البحث محاولة لتلمس تجليات الغربة والإغتراب والضياع والتشرد عند أكثر الشخصيات البارزة فيروايةكالـ( ونكه ) لعبدالله السراج ، و(هوتيل ئەوروبا) للقاص فرهاد بيربال، و(پەناهەندە) لأحمد ملا، و (ئيلشا) لديدار مصيفي، و(ژن) لريواس أحمد انموذجاً.

وحاولنا في هذه الدراسة تسليط الضوء على تلك الأجواء والظروف التي واجهتها اكثر الشخصيات في هذه الروايات المذكورة، وما انعسكتها تلك الأجواء على الحالة النفسية لتلك الشخصيات من الغربة والأوجاع والضياع والتشريد من جهة ، ومحاولاتهم لتكيف مع اجواء الغربة أما بالحفاظ على الهوية الذاتية والإنتماء الوطني مع طول مكوثهم وبقائهم في الغربة، أو بالتوافق مع الأخرين بالمثلية أو التماثل الجنسي والعرقي. **الكلمات المفاتيح**: تمييز، الاستيعاب والتكامل، جمعية، الهوية الشخصانية، الهوية الوطنية.

**Abstract:**

The abstract of this paper is part of a PhD. Thesis, and for the purpose of publishing an extracted study, we presented Identity as an Exile Aftermath with Reference to some Kurdish novels as its title. The impacts of identity towards the details of exile has been shown in the AbdullAllah Saraj's WNGA , Farhad Peerbal's Hotel Awrupa, Ahmad Mala's Panahanda, Deedar Maseefi's Elshya and Rewas Ahmad's Zhin. This paper focused on the conditions of being exile, people's daily lives with those who are indigenous peoples and those who, just like them, are exiled .Further, it points out how they showed their identity as a way to defend themselves not to lose their identity among the foreign nations over there. They employed identity as a tool for their existence. For this purpose, those who have been exiled used their individual identity as well as their national identity.

**Key words:** Assimilation and Integration, Discrimination, Association, Self-Identity, National-Identity.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019